# 100 چیرۆک

# لەبارەی

# خۆشەویستی پێغەمبەرەوە ﷺ




محمد صدیق مەنشاوی

وەرگێرانی

کەیهان مستەفا

# سەد چیرۆك لەبارەی خۆشەویستی پێغەمبەرەوە


نوسینی: محمد صدیق مەنشاوی

وەرگێڕانی: کەیهان مستەفا



چاپی یەکەم

٢٠١٩

له بڵاوكراوەكانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما

زنجیره ٨١١٨

ناسنامەی کتێب

سەد چیرۆك لەبارەی
خۆشەویستی پێغەمبەرەوە

نوسینی: محمد صدیق مەنشاوی

وەرگێڕانی: کەیهان مستەفا

نەخشەسازیو بەرگ: فواد کەولۆسی

نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم

ساڵی چاپ: ٢٠١٩

شوێنی چاپ: چاپخانەی کەنج

تیراژ: ١٠٠٠

ناونیشان:

سلێمانی ـ سابوونکەران ـ نێوان گەراجی عوسمانی تەمین و شوقەکانی تەکیە رووتە .

ژمارەی مۆبایل: (٠٧٧٠١٥٧٤٢٩٣) (٠٧٥٠١١٩١٨٤٧)

# پێڕست


نامەیەك بۆ خۆشەویستم پێغەمبەری خودا(ص) ........ ٩
من خۆشەویستی خودام ........ ١٣
ڕێزی پێغەمبەر(ص) لەلای خوداکەی ........ ١٤
خۆشەویستی جوبرەئیل و میکائیل بۆ پێغەمبەر (ص)........ ١٤
خۆشەویستی فریشتەی چیاکان بۆ پێغەمبەر(ص)........ ١٥
خۆشەویستی عبدالموتەلیب بۆ پێغەمبەر (ص) ........ ١٦
خۆشەویستی ئەبوتالیب بۆ پێغەمبەر (ص)........ ١٧
چیت پێخۆشە ئەوە بکە........ ١٨
خۆشەویستی خەدیجە بۆ پێغەمبەر(ص)........ ٢٠
شۆڕش و خۆشەویستی........ ٢١
خۆشەویستی عەداس بۆ پێغەمبەر (ص) ........ ٢٢
بەرگری ئەبوبەکر لە پێغەمبەری خۆشەویستی(ص) ........ ٢٤
بەردەکە سڵاو لە پێغەمبەر دەکات........ ٢٤
هیچکەسێك بەسەر پێغەمبەردا هەڵنابژێرم ........ ٢٥
هاوڕێیەتی... ئەی پێغەمبەری خودا........ ٢٥
خودایا ئەبوبەکر بکە بەهاوڕێ و هاوپلەی من........ ٢٦
دڵتەنگ مەبە خودامان لەگەڵدایە ........ ٢٧

خۆشەویستی ڕاستەقینە... ٢٩
خۆشەویستی ئەبوئەیوبی ئەنصاری بۆ پێغەمبەر(ص)... ٢٩
ئەبوئەیوب و ژنەکەی و خۆشەویستی پێغەمبەر (ص)... ٣٠
خۆشەویستی سەواد بۆ پێغەمبەر (ص)... ٣١
دوو مێردمندالْ بەرگری لە پێغەمبەر دەکەن... ٣٢
ئوم عەمارەو خۆشەویستی پێغەمبەر (ص)... ٣٤
هیچ بیانویەکتان نیە... ٣٥
خۆشەویستی ئوم سەعد بۆ پێغەمبەر(ص)... ٣٦
مالیکی کوڕی سینان و خوێنی پێغەمبەر(ص)... ٣٧
دلّی کلّپەی دەهات لە خۆشەویستی پێغەمبەردا (ص)... ٣٨
خۆشەویستی ژنێکی ئەنصارەکان بۆ پێغەمبەر (ص)... ٣٨
فرمێسکی خۆشەویستی... ٣٩
مێزەرەکەی خالید... ٤٠
کۆتەرە دارخورماکە بۆ پێغەمبەر دەگری... ٤٠
ئارەقی پێغەمبەر بۆنی لە میسك خۆشتر بووە... ٤١
ترسی صەفیە لەسەر پێغەمبەر(ص)... ٤٢
لەسەر ڕاخەرەکەی پێغەمبەری خودا دامەنیشە!!... ٤٢
عومەر بۆ پێغەمبەری خۆشەویستی دەگری!... ٤٣
خۆشەویستی عوسمان بۆ پێغەمبەر(ص)... ٤٤
تۆ لەگەلْ ئەو کەسەدایت کە خۆشت دەوێت... ٤٥
خۆشەویستی موسولّمان بوونی ئەبوتالیب... ٤٦
خۆشەویستی سەودە بۆ پێغەمبەر(ص)... ٤٦

خۆشەویستی عومەر بۆ پێغەمبەری خودا.... ٤٧
تۆ لەرۆژی قیامەتدا لەگەڵ ئەو کەسەدایت کە خۆشت دەوێت........ ٤٧
خۆشەویستی زەید بۆ پێغەمبەر(ص)........................................ ٤٨
خۆشەویستی صەفوان بۆ پێغەمبەر (ص).................................. ٤٩
سەفینە خوێنی پێغەمبەر دەخواتەوە..................................... ٥٠
خۆشەویستی پێغەمبەر مرۆڤ دەخاتە بەهەشتەوە......................... ٥٠
پێغەمبەر خۆشەویستی ئەبوبەکر ڕووندەکاتەوە........................ ٥١
خۆشەویستی تەلحە بۆ پێغەمبەر(ص)...................................... ٥٢
ئەو خوداو پێغەمبەرەکەی خۆش دەوێت................................... ٥٣
سەری من بپێکرێ گرفت نیە بەلام سەری تۆ نابێت تیری بەرکەوێت.. ٥٤
خۆشەویستی خوبەیبی کوڕی عەدی بۆ پێغەمبەر(ص)..................... ٥٥
خۆشەویستی عبداللەی کوڕی ڕەواحە بۆ پێغەمبەر(ص)................ ٥٦
درەختەکە شاهێدی بۆ پێغەمبەری خودا دەدات!!.......................... ٥٧
خودایا کاتێك تەلحە گەیشتەوە بارەگای تۆ پێبکەنێت بەدەمتەوە... ٥٧
پێغەمبەری خۆشەویست نەخۆش کەوت.................................... ٥٩
خۆشەویستی ئەبو مەحزورە بۆ پێغەمبەر(ص)............................ ٦٠
بەرەکەتی موی پێغەمبەری خودا........................................... ٦٠
شێرەکە لەبەر خۆشەویستی پێغەمبەر تۆڵە دەکاتەوە...!!............... ٦١
خودایا تەنها ڕەحم بەمن و محمد(ص) بکە.............................. ٦١
منداڵەکە پێغەمبەری خۆشدەوێت!........................................... ٦٢
خۆشەویستی سابیتی کوڕی قەیس بۆ پێغەمبەر(ص)..................... ٦٣
حەقی ئەوە کە بێتە خزمەتی تۆ!........................................... ٦٤

پێغەمبەر لەماڵ و منداڵ خۆشەویستترە ........................ ٦٤
خۆشەویستی هاوەڵان بۆ پێغەمبەر(ص)........................ ٦٥
خۆشەویستی عیمرانی کوڕی حەصین بۆ پێغەمبەر(ص) ................ ٦٦
چی ئەو پیاوە بەتەمەنە دەگریەنێت؟ ........................ ٦٦
پێغەمبەر لەمن گەورەترە ........................ ٦٧
من سەفینەی خزمەتکاری پێغەمبەری خودام ........................ ٦٨
بە لەپێشتر زانینی خۆشەویستی پێغەمبەری خودا ........................ ٦٩
پیاوێك پێغەمبەری خۆشدەوێت........................ ٦٩
خۆشەویستی صەفیە بۆ پێغەمبەر(ص) ........................ ٧٠
لەنێوان عومەرو عەباسدا ڕەزای خودایان لێبێت ........................ ٧١
عبداللەی کوڕی عومەرو خۆشەویستیەکەی بۆ پێغەمبەر(ص)........ ٧١
خۆشەویستی ئوم ئەیمەن ........................ ٧٢
پیرەژنەکە و خۆشەویستی پێغەمبەر(ص) ........................ ٧٣
بەیانی دەگەم بە خۆشەویستانم........................ ٧٤
ئەنەسی کوڕی مالیك و ئارەقی پێغەمبەر(ص)........................ ٧٥
ژنێك لەلای گۆڕەکەی پێغەمبەردا دەگری........................ ٧٥
سلاوی من بگەیەنە بە پێغەمبەری خودا ........................ ٧٦
خۆشەویستی ئەوەی کە پێغەمبەر خۆشی ویستووە........................ ٧٦
خۆشەویستی ئەبوئەیوبی سەختیانی بۆ پێغەمبەر(ص) ........................ ٧٧
تالە موەکەی پێغەمبەرم لە هەموو دوونیا خۆشتر دەوێت ........................ ٧٧
خۆشەویستی محمدی کوڕی مونکەدیر بۆ پێغەمبەر(ص) ........................ ٧٨
خۆشەویستی ئیمام جەعفەری صادیق بۆ پێغەمبەر(ص)........................ ٧٩

لەبارەی حەدیسێکەوە پرسیارم لێدەکەیت و ئێمە بەڕێگەدا دەڕۆین؟! ٧٩
ئیمامی مالیك و حەدیسی پێغەمبەری خودا(ص)........................ ٨٠
خۆشەویستی عەمری کوڕی لەیس بۆ پێغەمبەر(ص)........................ ٨١
دەنگتان بەسەر دەنگی پێغەمبەردا بەرز مەکەنەوە........................ ٨١
ئەدەبی ئیمام مالیك لەگەڵ حەدیسەکانی پێغەمبەردا(ص)................ ٨٢
خۆشەویستی خالیدی کوڕی مەعدان بۆ پێغەمبەر(ص)...................... ٨٢
خۆشەویستی ئەحمەدی کوڕی فەزولیە بۆ پێغەمبەر (ص).................. ٨٣
مژدە بدە خودا لێت خۆشبوو!.................................................... ٨٣
ئیمام ئەحمەد و تاڵە مووەکانی پێغەمبەر(ص)............................. ٨٤
خۆشەویستی ئەحمەدی کوڕی مەنصور بۆ پێغەمبەر(ص).................. ٨٥
ئایا دەستت بەر پێغەمبەری خودا کەوتووە؟.................................. ٨٦
خۆشەویستی و ئەدەب.............................................................. ٨٦
خۆشەویستی ئیمام ئەحمەد بۆ پێغەمبەر(ص)................................ ٨٧
ئیمامی مالیك و دووپشکەکە...................................................... ٨٨
پارچە پەڕۆکە گەیشت............................................................. ٨٨
خۆشەویستی ئیمام مالیك بۆ پێغەمبەر(ص).................................. ٨٩
بەرانەکە بەرگری لە پێغەمبەر(ص) دەکات................................... ٩٠
سەگێکی ڕاوکەر بەرگری لە پێغەمبەر(ص) دەکات........................ ٩١

# نامەیەك بۆ خۆشەویستم پێغەمبەری خودا(ص)

خۆشەویستم ئەی پێغەمبەری خودا.....

ئەی میسکی پێغەمبەران، ئەی گەورەی حەکیم و دانایان، ئەی تاجی سەری کەسە پاکوبێگەردەکان، ئەی قیبلەو ڕوگەی ڕوانبێژان و زمانپاراوان، ئەی مانگی چواردەی ڕووناکی، ئەی دەرمانی پزیشکان، ئەی مامۆستای زانایان، ئەی ئەهلی فەزڵ و مەدح و سەنای جوان....

ئەی ئەوکەسەی کە خۆشەویستیەکەی زیکرە، باسکردنەکەی عەترو بۆنخۆشیە، سەڵاواتدان لەسەری عیبادەت و پەرستشە، سەیرکردنی ژیانی گەشت و سەفاو سەیرانە، ڕۆیشتن بەشوێنیدا بەرزی و بڵندیە، بەرگری لێی عیزەت و سەربەرزیە، خۆ ڕازاندنەوە بە ڕەوشتەکانی ئەو سەرکەوتن و سەرفرازیە.

سەروەرم ئەی بەرامەی دڵ و دەرون، ڕەیحانەی دڵ ڕێگەم بدە کە مشتێك لە ئاوی زوڵاڵی ڕێنمایی تۆ هەڵبگرم، ڕێگەم بدە کە لە باخچەی ژیانی پڕ نوری تۆدا کۆمەڵێك وێنەو چیرۆك سەبارەت بەخۆشەویستی تۆ بگرم و فێر ببم، بۆ ئەوەی دڵی عاشقەکانی پێ فێنك بکەمەوە، هەروەها دەرونی ئەو خۆشەویستانەی پێ تونـد وتۆڵ بکەمەوە کە دڵەکانیان پڕ بوون لەتاڵی و ئێش و ئازار بەدەست نەزانان و نەفامانەوە. بۆ ئەوەی لێیانەوە فێر ببن کە خۆشەویستی تۆ کارکردن بە

ڕێنماییەکانی تۆو جێبەجێکردنی سوننەتەکانی تۆی ئازیزو خۆشەویست چۆن دەبێت و چۆن دەکرێت؟

هەربۆیە منیش یەکەم چیرۆکی ئەم کتێبەم بە خۆشەویستی خودا بۆ تۆ، بەرگری فریشتەکان لەتۆ، خۆشەویستی درەختەکان بۆتۆ، سڵاوی بەردەکان لەتۆ، ڕێزی شێر لە خزمەتکارەکەت، دەستپێکردووە، تاوەکو دەگاتە خۆشەویستی هاوەڵانی پاک و تابیعینی بەڕێز بۆتۆ، هەربۆیە ئوبەی دەبینین کە بەشەوق و عەشقێکەوە بۆتۆ قژەکانی دەهێڵێتەوە و پێی دەڵێن بۆ کورتیان ناکەیتەوە، ئەویش لەوەڵامدا دەڵێت: چۆن کورتیان دەکەمەوە لەکاتێکدا دەستی پێغەمبەری ئازیزیان بەرکەوتووە! هەروەها تابیعیەک دەبینین ماچی دەستەکانی ئەنەسی کوڕی مالیک دەکات تەنها لەبەر ئەوەی بەر دەستەکانی پێغەمبەری خودا کەوتوون!!

براو خوشکی بەڕێزم ئەم کتێبەم خستوەتە بەردەستی تۆ بۆ ئەوەی ڕێگەکانی گەیشتن بە خۆشەویستی پێغەمبەرت بۆ ڕوون بکەمەوە، بۆ ئەوەی پرسیار لەخۆت بکەیت چیت پێشکەشکردووە و سەبارەت بە خۆشەویستی پێغەمبەرە خۆشەویستەکەت حەزرەتی محمد (ص)؟

منیش ئەمەوێت حەماس و بوێری تۆ کڵپە بسەنێت، هەروەها ئەو خۆشەویستیە نوستووە کە لەدڵتدایە سەبارەت بە پێغەمبەر بەخەبەری بهێنمەوە، ئەوەش بەباسکردنی کۆمەڵێك لە ووتەی گەورە پیاوانی خۆرئاوا سەبارەت بە خۆشەویستمان حەزرەتی پێغەمبەر (ص) بۆ ئەوەی شارەزایی زیاتر لەبارەی ڕێزو قەدری پێغەمبەرەکەتەوە لەلای تەنانەت خەڵکانی بێباوەڕ بەئاینی ئیسلام پەیدا بکەیت و بیزانیت.

ئەدەیبی ئیرلەندی برناردشو کە زۆر سەرسامە بە پێغەمبەری ئیسلام و دەڵێت: شتێکی ویژدانیە کە بە محمد بگوترێت ڕزگارکەری مرۆڤایەتی، من باوەرم وایە کە

پیاوێکی وەك ئەو ئەگەر بێت و سەرۆکایەتی جیهانی نوێ بگرێتە دەست ئەوا زۆر سەرکەوتوانە دەیتوانی هەموو کێشەکانی چارەسەر بکات و بەختەوەری و ئاشتی لەسەرانسەری جیهاندا بڵاو بکاتەوە!!

مایکل هارتی نوسەری ئەمریکی کە پێغەمبەری خستوەتە ڕیزبەندی یەکەمینی ئەو سەد کەسایەتیە گەورانەی کە لەجیهاندا هەبوون کە کتێبێکی بەناوی (گەورەپیاوانی جیهان سەد کەسن و گەورەترینیان محمدە) دەڵێت: محمدم لە یەکەم ناوی ئەم لیستەدا داناوە، چونکە محمد ئەو تاکە مرۆڤەیە لە مێژوودا کە سەرکەوتنێکی ڕەهای لەسەر ئاستی ئاینی و دوونیایش بەدەستهێناوە، چونکە لەپاش سیازدە سەدە لەکۆچی دوایی ئەو پیاوە بەڵام هێشتا کاریگەری محمد زۆر نوێیەو بەبەهێزی ماوەتەوە.

گاندیش پاش ئەوەی ژیاننامەی پێغەمبەر دەخوێنێتەوە، دەڵێت: ویستم کە سیفەتەکانی ئەو پیاوە بزانم کە دڵی ملیۆنان کەسی بەدەستهێناوە.

گەورە پیاوی ئەدەبی ڕوسی لیر تۆلستۆی سەبارەت بە پێغەمبەر (ص) دەڵێت: هەرهێندەی بەسە کە شانازی پێوەبکات کە ئوممەتێکی لە بت پەرستی و خوێنرێژییەوە ڕێنمایی کرد بەرەو نورو ڕوناکی حەق و ڕاستی!!

لویس تۆماسی نوسەری ئینگلیزی دەڵێت: محمد وەك کەسێکی لێبوردە هات کە هەموو مرۆڤێك بەبێ هیچ نارەحەتیەك پێی ڕازیبوو، هەروەها هاوەڵان و شوێنکەوتوانی خۆی فێری ئەوە کرد کە پێغەمبەرانیتریان خۆشبوێت!!

هەربۆیە دەوا لەخودای گەورە دەکەم کە ئەمکارەمان لێوەربگرێت و ئەم ووشانەمان بخاتە تای تەرازوی خۆشەویستیمان بۆ پێغەمبەری ئازیز لەڕۆژی قیامەتدا.

محمد صديق خليفة المنشاوى

# من خۆشەویستی خودام

خۆری ڕوناکی پێغەمبەرایەتی بەهێزەوە لەشاری مەدینەی نورانیدا درەوشایەوە، کۆمەڵێك لە هاوەڵانی پێغەمبەر دانیشتن و باسی چمکێك لە ژیانی پێغەمبەرانیان دەکرد سڵاوی خودایان لەسەر بێت.

هەندێکیان گوتیان سەیرە کە خودا ئیبراهیمی کردووەتە هاوڕێ و خەلیلی خۆی.

یەکێکیتریش گوتی: لەو قسەیە سەیرتر نیە کە سەبارەت بە موسا فەرمویەتی (خودا قسەی لەگەڵ موسادا کرد بە قسە کردن).

سێیەمیشیان گوتی: عیسا ووشەی خودا و ڕۆحی ئەوە.

چوارەم کەسیش گوتی: خودایش ئادەمی پاکوبێگەرد هەڵبژاردووە بۆ خۆی.

پێغەمبەریش لەپاش ئەوەی کە قسەکانیانی بیست هات بۆلایان و گوتی: گوێم لە قسەکانتان بوو، هەروەها گوێم لێبوو کە سەیر بوبەلاتانەوە کە ئیبراهیم خەلیلی خودایە، بەڵێ هەروایە، موسایش ڕزگارکراوی خودایە، بەڵێ هەروایە، عیسایش ڕۆحی خودا ووشەی ئەوە، بەڵێ هەروایە، ئادەمیش هەڵبژاردە و پاڵفتەی خودایە، بەڵێ هەروایە.

دواتر پێغەمبەر فەرموی: خەلکی بە رێزو قەدریانەوە لەلای خودا دەناسرێنەوە، ئاگادار بن و بزانن منیش خۆشەویستی خودام ئەمەیش شانازی و فەخر نیە بەسەر پێغەمبەرانیتردا[1].

***

## رێزی پێغەمبەر(ص) لەلای خوداکەی

لەشەوی شەورەویدا پێغەمبەر بوراقیان بۆ هێنا، کە بەجوانی زین کرابوو، کورتانێکی بەسەرەوە بوو.

بەلام بوراق نەدەوەستا تاوەکو خۆشویست سوار ببێت.

جوبرەئیلیش بەلۆمەوە بەبوراقی گوت: ئایا ئەوکارە لەگەڵ محمددا دەکەیت؟!

ئەوەبزانە تاوەکو ئێستە هیچکەسێك سوارت نەبووە کە هێندەی محمد بەرێز بێت لەلای خودا.

ئەوەبوو بوراق لەشەرم و حەیادا ئارەقەیەکی زۆری کرد[2].

## خۆشەویستی جوبرەئیل و میکائیل بۆ پێغەمبەر(ص)

هاوەڵی بەرێز سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص شێوەیەك لە شێوازەکانی خۆشەویستی و بەرگری فریشتەکان لەرۆژی ئوحوددا لە پێغەمبەرمان بۆ دەگێرێتەوە.

هەربۆیە دەڵێت: لەرۆژی ئوحوددا لەلای راست و لای چەپی پێغەمبەرەوە دوو پیاوم بینی کە جلوبەرگی سپیان لەبەردا بوو زۆر بەتوندی شەرییان دەکرد و بەرگرییان لە پێغەمبەر دەکرد. کە نە پێشترو نەدواتریش نەمبینیبون.

---

[1] اخرجه الترمذی حدیث رقم ٢٦١٦.

[2] اخرجه الترمذی حدیث رقم ٣١٢١.

ئەو دوو کەسەیش جوبرەئیل و میکائیل بوون (سڵاوی خودایان لەسەر بێت) هاتبون بۆ ئەوەی بەرگری لە محمدی خۆشەویستیان بکەن[٢].

## خۆشەویستی فریشتەی چیاکان بۆ پێغەمبەر(ص)

لە تائیفدا شێت و منداڵ و کەم ئەقڵەکان زۆریان بۆ پێغەمبەر هێنابوو بەتەواوەتی سەغڵەتیان کردبوو، پێڵاوەکانی پڕبوون لەخوێنی قاچە بریندارەکانی، گەڕایەوە بۆ ئەوەی بچێتەوە ناو شاری مەککە، دەبینێت دەرگاکانی بەڕویدا داخراون، هەربۆیە پێغەمبەری خودا داوای لە کوڕی عبد یالیلی کوڕی عبد کیلاب کرد کە لەپەنای ئەودا بچێتە ناو مەککەوە، بەڵام ناوبراو وەڵامی داواکارییەکەی پێغەمبەری نەدایەوە.

پێغەمبەریش ڕۆیشت تاوەکو گەیشتە قەرنی سەعالیب (شوێنێکە لەنزیک شاری مەککە) سەری بەرز کردەوە دەبینێت هەورێك بەسەر سەریەوەیەو سێبەری بۆ کردووە، دەبینێت جوبرەئیلی تێدایە.

جوبرەئیل بانگی پێغەمبەری کرد: خودا قسەی هۆزەکەتی بیست لەبەرامبەر تۆدا کە چۆن ڕەتیان دایتەوە! ئەوەتا خودا فریشتەی چیاکانی ناردووە بۆلات بۆ ئەوەی هەرچیەکت پێخۆشە بەسەریان بهێنێت.

فریشتەی چیاکانیش بە دەنگێکی پڕ لەڕێزو خۆشەویستیەوە بۆ پێغەمبەری خۆشەویستی گوتی: ئەی محمد چیت دەوێت؟ ئەگەر فەرمان بکەیت هەردوو ئەخشەبەکە (دوچیان لەنزیکی مەککە) دەدەمەوە لەیەك و هەموویان لەناو دەبەم!

---

[٢] اخرجه مسلم حدیث رقم ١٨٠٢.

پێغەمبەریش بەدڵە میهرەبان و بەخشندەکەیەوە فەرموی: نەخێر ئەوەم ناوێت، بەڵکو هیوام وایە کە لە پشت و نەوەی ئەمانە خودای گەورە کەسانێك دروستبکات کە خودا بپەرستن و شەریك و هاوەڵی بۆ بڕیار نەدەن!!

***

## خۆشەویستی عبدالموتەلیب بۆ پێغەمبەر (ص)

محمدی منداڵی بچوك لەناو دۆڵ و شیوەکانی مەککەدا دیار نەما، پیاوێکی جوانی پێکەوتە کە خۆشەویستی هەموو دڵی داگرتبوو بەدەوری کەعبەدا تەوافی دەکرد و دەسوڕایەوە و دەیگوت:

خودایە محمدی سوارچاکم بۆ بگێڕەوە

ئەی خودایە بیگێڕەوە و بیکەرە پشتیوان بۆم

گوتیان: ئەو پیاوە کێیە؟

گوتیان: عبدالموتەلیب بووە، کە حوشترێکی دیار نەماوە، ئەویش کوڕەزاکەی (محمد)ی ناردووە بۆ ئەوەی بیدۆزێتەوە، بۆ هەرشتێکی ناردبێت ئەوا یەکسەر جێبەجێی کردووە، بەڵام ئەوجارەیان کەمێك دوا کەوت.

عبدالموتەلیبیش لەتەنیشت کەعبەدا دوعای بەخێری بۆ دەکرد تاوەکو محمدی منداڵی بچوکی خۆشەویست گەڕایەوە و حوشترەکەی دۆزیبویەوە و هێنایەوە بۆ باپیری.

هەربۆیە عبدالموتەلیبی باپیرەیشی بەخێراییەوە چو بەرەو پیرییەوە و لەخۆشی گەڕانەوەیدا بە ساغ و سەلامەتی خەریکبوو دڵی لەسینەی دەهاتە دەرەوەد

دەفڕی، پێی گوت: کوڕی شیرینم زۆر خەمبارو دڵتەنگ بووم بۆت، ئیتر هیچکات لێم جیا نەبیتەوە[4].

***

## خۆشەویستی ئەبوتالیب بۆ پێغەمبەر (ص)

هاوین هات و هەوا زۆر گەرمیکرد، محمدی گەنجی تازە پێگەیشتو لەگەڵ ئەبوتالیبی مامی و کۆمەڵێك لە شەیخەکانی قورەیشدا بەمەبەستی بازرگانی بەرەو شام بەڕێکەوتن.

کاروانەکە بەردەوام بوو لەڕۆیشتن تاوەکو لە نزیکیماڵی ڕاهیبێکدا لایاندا، کۆڵ و بارو کەلوپەلیان کردەوە و دایاننا، ڕاهیبەکە هات بۆلایان، ئەمە بەلای کاروانیەکانەوە زۆر سەیر بوو، چوونکە پێشتر هەرچی هاتبن و لەوێدا لایاندابێت بەهیچ شێوەیەك ئەم ڕاهیبە نەهاتووە بۆلایان و هێندە گوێی پێنەداون.

ڕاهیبەکە بەناویاندا دەگەڕا تاوەکو محمدی دۆزیەوە، دەستیگرت، دواتر بەوپەڕی دڵخۆشیەوە گوتی: ئەمە گەورەی هەموو جیهانیانە، ئەمە پەیامبەری خودای جیهانیانە، کە خودا وەك ڕەحمەت دەینێرێت و دەیکاتە پێغەمبەر لەناو خەڵکیدا.

شەیخەکانی قورەیش گوتیان: تۆ لەکوێوە ئەمە دەزانی؟

ئەویش گوتی: کاتێك ئێوە گەیشتنە ناوچەی عەقەبە، هیچ دارو درەخت و بەردێك نەما کڕنۆش نەبات، ئەوانەیش تەنها بۆ پێغەمبەرانی خودا کڕنۆش دەبەن، منیش بە خاڵی پێغەمبەرایەتیەکەیدا دەیناسمەوەکە لەسەر باڵەکەی شانیەتی و لەسەر شێوەی سێودایە.

---

[4] طبقات ابن سعد ب ١ لا ١١٣ . تاريخ الاسلام للذهبى ب ٢ لا ٥١ .

دواتر گەڕایەوە و خواردنی بۆ دروستکردن، کاتێك خواردنەکەی هێنا محمد لەلای حوشترەکان بوو، ڕاهیبەکە گوتی بنێرن بەشوێنیدا. محمد هات و هەورێك لەسەر سەریەوە بوو سێبەری بۆ دەکرد، کاتێك لە خەڵکەکە نزیکبویەوە دەبینن لەبەر سێبەری درەختەکەدا جێگەی نابێتەوە، بەڵام بەفەرمانی خودا درەختەکە خۆی بەولایەدا لارکردەوە کە محمدی تێدا دانیشتبوو سێبەری بۆکرد.

ڕاهیبەکەیش گوتی: سەیری سێبەری درەختەکە بکەن کە چۆن لاربووەتەوە بەلای محمددا.

دواتر ڕاهیبەکە گوتی: کامتان سەرپەرشتی ئەم مێرد منداڵەن؟

گوتیان: ئەبوتالیب.

هەتاوەکو کاروانەکە لەوێدا بوون ڕاهیبەکە بەردەوام بە ئەبوتالیبی دەگوت ئاگاداری بەو چاوت لەسەری بێت بۆ ئەوەی ئازاری پێنەگات، تاوەکو ئەبوتالیب لەبەر خۆشەویستی زۆری بۆ پێغەمبەر بڕیاریدا لەگەڵ خۆیدا نەیبات و گێڕایەوە بۆ شاری مەککە بۆ ئەوەی پارێزراو بێت لەدەستی خراپەکاران و دووژمنەکانی[°].

## چیت پێخۆشە ئەوە بکە...

کۆمەڵێك لە قورەیشیەکان هاتن بۆلای ئەبوتالیب و گوتیان: ئەی ئەبوتالیب برازاکەت جنێو سوکایەتی بە خوداکانمان دەکات و ڕەخنە لەئاینەکەمان دەگرێت و گاڵتە بە پێشینانمان دەکات و منداڵەکانمان گومڕا دەکات، داوای لێبکە کە وازمان لێبهێنێت، یان وازی لێبهێنەو پشتگیری مەکە، ئێمە دەزانین کە تۆیش وەك ئێمە لەدژی ئەو قسانەی کە ئەو دەیانکات، ئەگەر ڕێگە بدەیت خۆمان دەزانین چی لێدەکەین.

° صحیح السیرة النبویة لا ٥٨ – ٥٩ .

ئەبوتالیبیش بە دەنگێکی هێمن و لەسەرخۆوە دڵیدانەوە و تورەییەکەی نەهێشتن و بەڕێزێکی زۆر جوانەوە بەڕێی کردن، بەڵام پێغەمبەر هەر لەسەر بانگەوازەکەی بەردەوامبوو هیچ شتێك نەیدەتوانی ڕێگەی لێبگرێت، بەردەوام قسەکانی لەناو خەڵکیدا بڵاو دەبوونەوە.

لەپاش چەند ڕۆژێکیتر سەرانی قورەیش هاتن و دووبارە سەبارەت بەو مەسەلەیە قسەیان لەگەڵ ئەبوتالیبدا کردەوە، بەڵام ئەمجارەیان بەتوڕەیی و هات و هاوارەوە گوتیان: ئەی ئەبوتالیب تۆ تەمەنێکت هەیە و کەسێکی بەڕێزی، خاوەن و پلەو پێگەی تایبەتیت لەناو ئێمەدا، ئێمە پێشتر هاتین و داوامان لێکردیت کە برازاکەت واز لەمکارە بهێنێت، بەڵام تۆ نەتوانی ناچاری بکەیت کە واز لەوکارە بهێنێت، سوێند بەخودا ئیتر ئێمە تاملّی ئەم کابرایە ناکەین کە سوکایەتی بەباوباپیران و خوداکان و پێشینانمان بکات، یان پێی دەڵێیت کە واز بهێنێت یان تۆیش وەك ئەو سەیر دەکەین، تاوەکو یەکێکمان ئەویترمان لەناو دەبات.

ئەمجارەیان قسەکانیان کاریگەریەکی زۆری کردە سەر دڵ و دەرونی ئەبوتالیب و لەوە دڵنیابوو کە هەڕەشەکانیان جێبەجێدەکەن، ناردی بەشوێن پێغەمبەردا و پێی گوت: برازاگیان هۆزەکەت هاتون و بۆلام ئەمە و ئەوەیان گوتووە، تکات لێدەکەم بەزەییت بەخۆت و منیشدا بێتەوە، کارو ئەرکێکم مەخەرە سەرشان کە نەتوانم هەڵیبگرم!!

پێغەمبەریش (ص) گوتی: مامە گیان سوێند بەخودا ئەگەر خۆر بخەنە دەستی ڕاستم و مانگیش بخەنە دەستی چەپمەوە بۆ ئەوەی واز لەم بانگەوازە بهێنم، هەرگیز وازی لێناهێنم یان خودا سەری دەخات یاخود لەوپێناوەدا لەناو دەچم!!

دواتر پێغەمبەر لەلای مامی ڕۆیشت و فرمێسك بەگۆناکانیدا هاتنە خوارەوە، ئەبوتالیبی مامیشی بەزەیی پێیدا هاتەوە و بانگیکرد و گوتی: برازاگیان بڕۆو

هەرچیەك پێتخۆشه بیڵێ و باسیبکه بۆ خەڵکی، سوێند بەخودا هەرگیز تەسلیم و ڕادەستی هیچکەسێکت ناکەم[٦].

***

# خۆشەویستی خەدیجە بۆ پێغەمبەر(ص)

لە ئەشکەوتی حەرائدا جوبرەئیلی فریشتە و ئەمینی وەحی بەسەرەتاکانی پەیامی ئیلاهیەوە هاتە خوارەوە بۆلای پێغەمبەر(ص).

پێغەمبەری خودا بەدڵەڕاوکێیەکی زۆرەوە گەڕایەوە بۆ لای خەدیجەی کچی خوەیلیدی ژنی بەسۆزو میهرەبان و وەفاداری خۆی، گوتی: دامپۆشن دامپۆشن، دایانپۆشی تاوەکو ترس و دڵەڕاوکێکەی نەما، مەسەلەکەی بۆخەدیجەی گێڕایەوەو گوتی زۆر لەخۆم دەترسم.

خەدیجەیش بەوپەڕی سۆزو خۆشەویستی میهرەبانیەوە گوتی: نەخێر هەرگیز خودا تۆ زایە و سەرشۆڕ ناکات، چونکە تۆ سیلەی ڕەحم بەجێدەگەیەنیت، هاوکاری نەداران دەکەیت، دەستگیرۆی هەژاران دەکەیت، ڕێز لە میوان دەگریت و هەمیشە پشتگیری حەق و ڕاستی دەکەیت.

ئەوەبوو خەدیجە لەبەر خۆشویستی پێغەمبەری هاوسەری، لەگەڵ خۆیدا بردی بۆلای وەرەقەی کوڕی نەوفەلی کوڕی ئەسەدی ئامۆزای خۆی، ئەم پیاوە لەسەردەمی نەفامیدا بوبویە گاور، کتێبی عیبرانی دەنوسی، بەزمانی عیبرانی بەشێکی زۆری ئینجیلی نوسیبویەوە، پیاوێکی پیری کوێر بوو.

---

[٦] السيرة النبوية ب ١ لا ١٥٦ — ١٦٦ .

خەدیجە بە ترس و لەرزی پیاوەکەیەوە پێی گوت: ئامۆزاگیان گوێ بۆ برازاکەت بگرە.

وەرەقەی کوڕی نەوفەلیش وەك هەر پیاوێکی پیر بەهێمنی و لەسەرخۆییەوە پێی گوت: برازاگیان چیت بینیوە؟ پێغەمبەریش هەموو بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە!!

وەرەقەیش پێی گوت ئەوە ناموس (وەحی) بووە کە خودا ناردویەتی بۆ سەر موسا پێغەمبەر!!

لەپاش ئەوەی کە ئەمەی بیست دڵی خاتو خەدیجەی هاوسەری عاشقی پێغەمبەر (ص) هێمن بوویەوە و بێخەم بوو لەوەی کە زیانێك بە هاوسەری خۆشەویستی نەگەیشتووە[7]!!

## شۆڕش و خۆشەویستی...

لەلای کێوی صەفادا ئەبوجەهل هاتە سەر ڕێگەکەی پێغەمبەر و ئازارێکی زۆری پێگەیاند....

کاتێك حەمزەی کوڕی عبدالموتەلیب لە ڕاووشکار گەڕایەوە، چونکە کاری ڕاوکردن بوو، ژنێك پێی گوت: نازانی پێغەمبەر چی بەسەرهاتووە ئەی باوکی عەمارە، ئەگەر دەتبینی کە ئەبوجەهل چی کردووە لە برازاکەت؟! ئەوەی ڕویدابوو بۆی گێڕایەوە.

حەمزەیش هەر لەڕێگەوەو پێش ئەوەی بچێتە ماڵەوە بەتوڕەییەوە و شمشێرەکەی هەڵکێشابوو ڕۆیشت تاوەکو گەیشتە ناو کەعبەی پیرۆز، ئەم توڕەییەشی بوویە شۆڕشێکی بەهێزو هەموو ژیانی خۆی گۆڕی و لە نەفامی ڕزگاری بوو دڵ و دەرونی بە نوری ئیمان و باوەڕ گەشایەوە، دەبینێت ئەبوجەهل لەیەکێك لەکۆڕو مەجلیسەکانی قورەیشدا دانیشتووە، هەروەك شێر پەماریدا و بەکەوانەکەی کێشای

[7] اخرجه البخاری حدیث رقم ٣ و اخرجه مسلم حدیث رقم ٢٥٢ .

بەسەری ئەبوجەهل و بریندارێکرد، ئایا لە محمد دەدەیت لەکاتێکدا من لەسەر ئاینەکەی ئەوم؟!

دواتر گوتی: اشهد ان لااله الا الله واشهد ان محمدا رسول الله[8].

## خۆشەویستی عەداس بۆ پێغەمبەر (ص)

پاش ئەوەی پێغەمبەری خودا لەگەڵ زەیدی کوڕی حاریسەی خۆشەویستیدا بەمەبەستی بانگەوازکردنی خەڵکی تائیف بۆ سەر ئاینی ئیسلام بەرەو ئەو ناوچەیە بەڕێکەوت و ئیسلامی بۆ باسکردن و ڕوونی کردەوە بۆیان، بەڵام ئیمانیان نەهێنان، هەر بەوەیشەوە نەوەستان، شێت و خەڵکانی سەفیهو منداڵانیان خستە شوێنی ڕاویاننا و بەردە بارانیان کرد، هێندە بەردیان لێدا تاوەکو پێڵاوەکانی پڕ بوون لەخوێنی قاچە بریندارەکانی و خوێنی پیرۆزی ڕژایە سەر زەوی تائیف...

خۆی و زەیدی کوڕی حاریسەی خۆشەویستی بەردەوامبوون لە ڕاکردن تاوەکو خۆیان لە باخێکی عوتبەو شەیبەی کوڕانی ڕەبیعەدا حەشاردا، پێغەمبەر و زەید لەژێر سێبەری دارێکدا لایاندا و دانیشتن بۆ ئەوەی پشویەك بدەن، کاتێك عوتبەو شەیبە پێغەمبەریان بەوشێوەیە بینی بەزەییان پێیدا هاتەوە، عەداسی خزمەتکاریان بانگکرد.

پێیانگوت: ئەم بۆشکە ترێیە ببە بۆ ئەو پیاوەی کە لەژێر ئەو سێبەرەدا دانیشتووە، عەداسیش هێشووە ترێکەی بردو لەبەردەم پێغەمبەردا داینا، کاتێك پێغەمبەر دەستیبرد بۆ ترێکە بۆ ئەوەی بیخوات گوتی بسم الله...

عەداسیش گوتی: سوێندبەخودا خەڵکی ئەم ناوچەیە ئەم قسەیە ناکەن!

---

[8] اخرجه الطبرانی ب ٣ لا ١٤٠ . مجمع الزوائد ب ٩ لا ٢٦٧ .

پێغەمبەریش پرسیاری لەعەداس کرد و گوتی: تۆ خەڵکی کام وولاتی و لەسەر چ ئاینێکی؟

عەداسیش گوتی: گاورم و خەڵکی نەینەوام.

پێغەمبەریش فەرموی: خەڵکی ئەوگوندەیت کە پێغەمبەرو پیاوچاك یونسی کوڕی متی تێدا ژیاوە.

عەداسیش بە سەرسوڕمانێکی زۆرەوە گوتی: تۆ لەکوێ دەزانیت یونسی کوڕی متی کێیە؟!

پێغەمبەریش کە خۆی دەناساند گوتی: ئەوە برای منە، ئەو پێغەمبەر بووە و منیش پێغەمبەرم، عەداسیش بە فیترەت و سروشتە پاکەکەیەوە کەوت بەسەر دەست و قاچی پێغەمبەردا و ماچی دەکرد[9].

خۆشەویستی خاتو زەینەب بۆباوکی(ص)

لەشاری مەککەی پیرۆزدا یەکێك لە بێ ئەقڵ و کاڵفامەکانی قورەیش ڕوبەڕوی پێغەمبەر بوویەوە و خۆڵی کرد بەسەرو دەموچاویدا.

کاتێك خاتو زەینەبی کچی باوکی بەوشێوەیە بینی، دەستیکردە تەکاندنی خاکەکە بەسەرو دەموچاوییەوە و هۆن هۆن فرمێسك دەهاتنە خوارەوە بەچاویدا، ترسێکی زۆر بەسەرکوڵمەکانیەوە بۆ باوکی دەبینرا.

پێغەمبەریش بۆ ئەوەی کەمێك هێوری بکاتەوە ئەو دڵەی بداتەوە کە لەبەر خۆشەویستی ئەو دەتوایەوە، پێی گوت: مەگری و دڵنیابە خودا باوکت دەپارێزێت[10].

---

[9] صحيح السيرة لا ١٣٦ – ١٣٧ .

[10] البداية والنهاية.لابن كثير ب ٣ لا ٤٢ .

## بەرگری ئەبوبەکر لە پێغەمبەری خۆشەویستی(ص)

ڕۆژێکیان سەرانی قورەیش لەناو کەعبەدا کۆبونەوە بۆ ئەوەی شتێك لە محمد بکەن.

گوتیان: تاوەکو ئێستە هێندە سەبرو خۆڕاگریمان لەبەرامبەر کەسەوە نەبووە، کە لەگەڵ محمددا هەمانبووە، گاڵتە بە خەون و خەیاڵەکانمان دەکات و خوداکانمان بەدرۆ دەخاتەوە، لەوکاتەی کە ئەمان سەرقاڵی ئەم قسانە بوون، پێغەمبەری خودا هات، ئەمانیش وەك یەك کەس هێرشیان کردە سەری، دەورەیانداو دەیانگوت تۆ ئەمە دەڵێیت و ئەوە دەڵێیت؟!

پێغەمبەریش بەوپەڕی ئازایەتی و خۆڕاگریەوە گوتی: بەڵێ منم کە ئەو شتانە دەڵێم!!

هێندەیتر دەورەیاندا و خەریکبوو دەیانخنکاند و بەردەوام لێیاندەدا، تاوەکو ئەبوبەکر کەوتە نێوانیانەوە و بەدەم گریانەوە گوتی: ئایا پیاوێك دەکوژن کە دەڵێت الله خودامە[11]؟!

## بەردەکە سڵاو لە پێغەمبەر دەکات

خۆشەویستی پێغەمبەر تەنها لە ئاستی فریشتە و خەڵکیدا نەماوەتەوە، بەڵکو گەیشتووە بەبەردی ڕەقی بێگیانیش.

پێغەمبەر (ص) خۆی شێوەیەکی زۆر جوان و سەرنجڕاکێشمان سەبارەت بە خۆشەویستی بەردەکە بۆ خۆی دەگێڕێتەوەو دەفەرمێت: من لەشاری مەککدا بەردێکم دەزانی پێش ئەوەی ببم بە پێغەمبەر سڵاوی لێدەکردم[12].

---

[11] اخرجه احمد ب ٢ لا ٢١٨ . سورەتی غافر ئایەتی ٢٨.

[12] اخرجه مسلم حديث رقم ٢٢٧٧ .

## هیچکەسێك بەسەر پێغەمبەردا هەڵنابژێرم

جیبلەی کوڕی حاریسە هات بۆ شاری مەککە بۆ ئەوەی زەیدی کوڕی حاریسەی برای لەخزمەتکاری پێغەمبەر بباتەوە.

جبلەی کوڕی حاریسە بە پێغەمبەری گوت: زەیدی برام لەگەڵمدا بنێرەوە.

پێغەمبەریش فەرموی: با بۆخۆی ئازاد بێت ئەگەر حەزبکات لەگەڵتا بگەڕێتەوە من هیچ ڕێگرییەکی لێناکەم.

خۆشەویستی پێغەمبەری خودایش زەیدی کوڕی حاریسە بەزمانێکی خۆشەویستیەوە بۆ پێغەمبەری خودا گوتی: نەخێر سوێند بەخودا ناگەڕێمەوە ئەی پێغەمبەری خودا، هیچکەسێك بەسەر پێغەمبەردا هەڵنابژێرم[١٣].

## هاوڕێیەتی... ئەی پێغەمبەری خودا...

دەهۆڵەکانی کۆچ لێدران...پێغەمبەریش خێرا چوبۆلای ئەبوبەکری هاوڕێی خەبات و تێکۆشانی و نیشانەکانی دەروی خێرو کرانەوەی دەروازەکانی فەرعانە لەسەر دەموچاوی پیرۆزی دەبینران.

پێغەمبەر هیچکات لەو دوو کاتە دوا نەکەوتووە کە سەردانی ئەبوبەکری کردووە واتە بەرەبەیان و پێش خۆرهەلات، یان ئێوارە کاتی عیشادا، تاوەکو ڕۆژی وادەدراو هاتە پێشەوە، کە خودا مۆڵەتی دایە پێغەمبەرەکەی کە دەربچێت و شاری مەککە بەجێبهێڵێت و کۆچ بکات.

ئەوەبوو لەکاتێکدا چوبۆلای صدیق کە پێشتر نەچوبو، کاتێك ئەبوبەکری صدیق پێغەمبەری بینی، هەستیکر کە شتێکی نامۆ ڕویداوە.

[١٣] شعب الايمان للبيهقي حديث رقم ١٣٨٤ .

بەسەرسامیەوە گوتی: بەدڵنیاییەوە شتێك ڕوویداوە کە لەمکاتەدا پێغەمبەری خودا هاتووە بۆ ئێرە؟!

هەر لەسەر جێگەکەی لەگەڵ پێغەمبەردا نیشتن و تەنها عائیشە و ئەسمای خوشکی کچانی ئەبوبەکر لەماڵەوە بوون لەگەڵیاندا.

پێغەمبەر گوتی: ئەمەوێت بەیەکەوە بەتەنیا قسە بکەین با ئەم دوانە لەلامان نەبن.

ئەبوبەکریش دڵی پێغەمبەری دڵنیا دەکردە و گوتی: ئەوانە کچەکانی خۆمن، چی بووە دایکوباوکم بەقوربانت بێت؟

پێغەمبەری خودایش گوتی: خودا مۆڵەتی کۆچی پێداوم و ئەبێت لە شاری مەککە دەربچم، ئەبوبەکریش بەوپەڕی حەزو خۆشیەوەو لەوکاتەدا کە فرمێسك بەچاوەکانیدا دەهاتە خوارەوە گوتی: هاوڕێیەتی هاوڕێیەتی ئەی پێغەمبەری خودا (واتە من لەو کۆچەدا هاوڕێیەتیت دەکەم).

خاتوو عائیشە ڕەزای خودای لێبێت دەڵێت: سوێند بەخودا تاوەکو ئەو ڕۆژە کەسم هێندەی ئەبوبەکری باوکم نەبینی بوو کە لەخۆشیدا بگری.

دواتر ئەبوبەکر لەوکاتەی کە فرمێسکەکانی دەسڕی و گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا ئەم دوو وولاخەم ئامادەکردووە بۆ ئەم ڕۆژە. ئەوەبوو عبداللەی کوڕی ئورەیقیتیان بەکرێ گرت بۆ ئەوەی ڕێگەکەیان نیشانبدات، ئەوەبوو هەردوو وولاخەکەیان دا بەلای ئەوەوە بۆ ئەوەی بەجوانی بۆ کۆچەکەیان بیانلەوەڕێنێت[14].

## خودایا ئەبوبەکر بکە بەهاوڕێ و هاوپلەی من...

لەبەردەم ئەشکەوتەکەدا ئەبوبەکری صدیق پێغەمبەری وەستاند، بە دەنگێکی خۆشەویستانەی هێمنەوە گوتی: بوەستە ئەی پێغەمبەری خودا...با سەرەتا من

[14] السيرة لابن كثير ب ٢ لا ٢٢٣ – ٢٢٤ .

بچمە ژورەوە، مەبادا مارێك یان هەرشتێکیتری زیانبەخشی تێدا بێت و زیانت پێبگەیەنێت، ئەگەر شتێکی بەوشێوەیە هەبێت با ئازارەکە بەمن بگات و تۆ سەلامەت بیت!!...

ئەبوبەکری صدیق پێش پێغەمبەری خۆشەویستی چویە ناو ئەشکەوتەکەوە، بەدەستەکانی دەستیکردە گرتنی کون و کەلەبەرەکانی ناو ئەشکەوتەکە، هەر کونێکی بدیایە چمکێك لە کراسەکەی دەدڕاند و دەیگرت، تاوەکو کراسەکەی هیچی نەمایەوە، تەنها یەك کون مایەوە هیچ نەبوو کە پێی بگرێت هەربۆیە قاچی خستە دەمی کونەکەو ئەویشی گرت، دواتر پێغەمبەر هاتە ژورەوە.

کاتێك ڕۆژ بویەوە و بوونەوەر ڕوناکبویەوە، پێغەمبەر سەیری ئەبوبەکری خۆشەویستی کرد دەبینێت هیچ کراسێکی لەبەردا نیە.

بەسەسوڕمانەوە پرسی کوانێ کراسەکەت ئەی ئەبوبەکر؟

ئەبوبەکریش ئەوەی بۆ گێڕایەوە کە بەکراسەکەی خۆی کردووە.

پێغەمبەریش هەردوو دەستی بەرزکردەوە و دەم بەدوعا گوتی: خودایە ئەبوبەکر بکەرە هاوڕێ و هاوپلەی من لەڕۆژی قیامەتدا.

خودای گەورەیش وەحی بۆ کرد و فەرموی خودا دوعاکەتی قبوڵکردووەو وەڵامیداویتەوە[15].

## دڵتەنگ مەبە خودامان لەگەڵدایە

کافرانی قورەیش لەبەردەم ئەشکەوتەکەدا کۆبونەتەوە و ئەیانەوێت پێغەمبەری خودا دەستگیر بکەن، ئەبوبەکر زۆر ترسا، ئەوەش لەبەر پێغەمبەر نەك لەبەر پاراستنی گیانی خۆی.

[15] الحلية ب ١ لا ٣٣ . البداية والنهاية ب ٣ لا ١٨٠ .

ئەبوبەکری صدیق بەدەنگێکی پڕ لەترسەوە گوتی: ئەگەر یەکێکیان سەیری بەرپێی خۆی بکات دەمانبینێت.
پێغەمبەریش (ص) کە دڵی پڕ بوو لە متمانە بەخودای خۆی گوتی: ئەی ئەبوبەکر گومانت بەرامبەر دوو کەس چۆنە کە خودا سێیەمیان بێت...مەترسە خودامان لەگەڵدایە[16]....

دواتر خودای گەورە ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە کە وەسف و سەنای خۆشەویستی ئەبوبەکری صدیق دەکات بۆ سەروەری مرۆڤایەتی و دەفەرمێت (ئەگەر ئەوان سەری نەخەن و پشتیوانی لێنەکەن، ئەوا خودا خۆی سەری دەخات، کاتێك کە کافرەکان دووبەدوو دەریان کردن و چونە ناو ئەشکەوتەکەوە، پێغەمبەر بەهاورێکەی گوت مەترسە خودامان لەگەڵدایە، ئەوەبوو خودا دڵئارامی خۆی باراند بەسەریدا و بە کۆمەڵێك سەربازی خۆی پشتیوانیکردن کە ئەمان نەیاندەبینین، ووشەو قسەی کافرانی پەست و خوار کرد و ووشە و قسەی خودای بەرز کردەوە و سەریخست، خودا خۆی خاوەنی عیزەت و دانابیە)[17]

خودای گەورە فەرموی خەمو پەژارەت نەبێت (لاتحزن) و نەیفەرموی مەترسە(لاتخف) هەرچەندە شوێنەکە جێگەی ترس و تۆقین بوو، چونکە خودا ئاگاداری دڵی ئەبوبەکر بوو کە دڵتەنگیەکەی لەبەر کوژرانی پێغەمبەری خۆشەویستی زۆر زیاتر بوو لەترسەکەی لەسەر گیانی خۆی، هەربۆیە خودا دڵنیای کردەوە لەسەر پێغەمبەرو فەرموی دڵتەنگ مەبە و خەم و پەژارەت بۆ پێغەمبەر نەبێت[18].

---

[16] اخرجه البخاری حدیث رقم ٣٦٥٤ و اخرجه مسلم حدیث رقم ٢٣٨١ .

[17] سورەتی التوبە ئایەتی ٤٠ .

[18] السیرة النبویة لابن هشام ب ٢ لا ١٠٨ ، و مجمع الزوائد ب ٦ لا ٥٢ .

## خۆشەویستی ڕاستەقینە...

ڕاستگۆی ڕاستگۆیان ئەبوبەکری صدیق لەگەڵ پێغەمبەری خوادا لەشاری مەککە دەرچوون...

لەبەر زۆر خۆشویستنی پێغەمبەر و ترس لەگیانی ئەو سەروەرە، سەعاتێك لەپێشیەوە دەڕۆیشت و سەعاتێکیش لەدواوە، تاوەکو پێغەمبەر خۆی پێنەگیراو سەبارەت بەوکارەی پرسیاری لێکرد.

گوتی: ئەی ئەبوبەکر : ئەوە چیە جارێك لەدوامەوە دەڕۆیت و جارێکیش لە پێشمەوە؟!

ئەبوبەکریش بەوپەڕی خۆشەویستیەوە گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا بیری ئەوانەم دەکەوێتەوە کە بەدواتەوەن، هەربۆیە لەدواوە دەچم بەڕێوە، بەڵام دیسانەوە بیری کەمین و چەتەکانی ڕێگەم دەکەوێتەوە دێم و لەپێشەوە دەچم بەڕێوە[19].

## خۆشەویستی ئەبوئەیوبی ئەنصاری بۆ پێغەمبەر(ص)

بەهۆی هاتنی پێغەمبەرەوە شاری مەدینە ڕازایەوە، ئەبوئەیوبی ئەنصاری کە خۆشەویستی پێغەمبەر لەدڵیدا ڕۆچوبوو میوانداری پێغەمبەری لەماڵەکەی خۆیدا کرد بۆ ئەوەی هێندەیتر خۆی و ماڵەکەی شەرەفمەند ببن.

پێغەمبەر لە قاتی خوارەوە نیشتەجێ بوو، ئەبوئەیوب و خێزانەکەیشی لەقاتی سەرەوە نیشتەجێ بوون. کاتیك شەوداهات ئەبوئەیوب لۆمەی خۆی دەکرد و لەبەر خۆیەوە دەیگوت: باشە چۆن دەکرێت پێغەمبەر لەقاتی خوارەوە بێت و ئەم لەقاتی سەرەوە، واتە بکەوێتە نێوان ئەوو وەحی ئیلاهیەوە.

---

[19] الحلية ب ١ لا ٣٣ . البداية والنهاية ب ٣ لا ١٨٠ .

ئەبوئەیوب بەسەرگەردانی مایەوە و نەیدەزانی چی بکات و هەرچی دەکرد خەوی لێ نەدەکەوت، لەترسی ئەوەی نەوەك لەخەوداو بەبێ ئاگاییەوە ئەمدیوو ئەودیو بکات و تەپوتۆز بکەوێت بەسەر پێغەمبەری خواداو ئازاری بدات.

بەیانیەکەی ئەبوئەیوب بەخێرایی چوبۆلای پێغەمبەر و گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا ئەمشەو نە من و نە ئوم ئەیوبیش خەومان لێنەکەوتووە!

پێغەمبەریش فەرموی: باشە بۆچی ئەی ئەبوئەیوب؟

ئەویش بەشەرمێکەوە گوتی: بیرم لەوە دەکردەوە کە من لەقاتی سەرەوەم و تۆیش لە قاتی خوارەوە، هەربۆیە ترسام کە بخەوم و بجولێم و تەپوتۆز بکەوێت بەسەرتۆدا و ئازارت بدات، هەروەها بیرم لەوە دەکردەوە چۆن دەکرێت من بکەومە نێوان تۆو وەحی ئیلاهیەوە!

دواتر ئەبوئەیوب بەکورتی گوتی: دایکوباوکم بەقوربانت بن من شەرم دەمگرێت تۆ لەخوارەوە بیت و منیش لەسەرەوە بم.

پێغەمبەریش کە بەقوڵی هەستی بە خۆشەویستیەکەی ئەبوئەیوب کردبوو گوتی: ئەو چاکەیەمان لەگەڵدا بکە با هەر لەخوارەوە بین، چونکە ئەگەر لەسەروە بین لەخەڵکی نادیارو داپۆشراو نین.

ئەوەبوو ئەبوئەیوب بەهۆی ئیسراحەتی و بێخەمی پێغەمبەری خۆشەویستیەوە دڵی هێمن بوویەوە[٢٠].

## ئەبوئەیوب و ژنەکەی و خۆشەویستی پێغەمبەر (ص)

شەوداهات و ئەبوئەیوب و ژنەکەی چونە قاتی سەرەوە، پێغەمبەریش لەقاتی خوارەوەدا خەوت.

[٢٠] الحاكم ب ٣ لا ٤٦١.

گۆزەیەك شكاو ئاوەكەی ڕژایە سەر زەوی ماڵەكەوە، ئەبوئەیوب و ژنەكەی بەخێرایی بەو چەرچەفەی كە دەیاندا بەخۆیاندا دەستیان كردە ووشككردنەوەی ئاوەكە كە تەنها ئەو چەرچەف و لێفەیان هەبوو، ئەمەش تەنها لەترسی ئەوە بوو نەوەك دڵۆپێك ئاو بكەوێتە خوارەوە و ئازاری پێغەمبەر بدات و خەبەری ببێتەوە[٢١] ! !

ئەبوئەیوبی ئەنصاری خۆی باسی شێوازێك لە شێوازەكانی خۆشەویستی خۆی بۆ پێغەمبەر دەگێڕێتەوە و دەڵێت: كاتێك خواردنمان بۆ پێغەمبەر دادەنا دەوەستاین و خۆمان لەخوارەوە چاوەڕێمان دەكرد و نانمان نەدەخوارد تاوەكو ئەو تێر دەبوو، دواتر دەفرەكەیمان دەهێنایە خوارەوەو ئەوەی كە لەو مابویەوە بەتایبەت دەستمان دەهێنان بەشوێنی پەنجەكانیدا و دەمانخوارد بۆ ئەوەی فەڕو بەرەكەتی ئەو سەروەرەمان بەر بكەوێت[٢٢] ! !

## خۆشەویستی سەواد بۆ پێغەمبەر (ص)

دەهۆڵەكانی شەڕ لێدران، مردن لەسەرەكان نزیكبویەوە، پێغەمبەریش هەستایەوە و خۆی ڕیزی موسوڵمانەكانی ڕێك دەكرد، تیرێكی بەدەستەوە بوو كە پەڕی پێوە نەبوو، ڕیزەكانی پێ ڕێكدەكرد، پیاوێكی بینی كە ناوی سەوادی كوڕی غەزیە بوو، لە ڕیزەكە دەرچوبو، پێغەمبەریش بەنەرمی تیرەكەی چەقاند بەورگیداو پێی گوت: ڕێك بوەستە ئەی سەودا.

[٢١] الحاكم ب ٣ لا ٤٦١ و كنز العمال ب ٨ لا ٥٠ .

[٢٢] كنز العمال ب ٨ لا ٥٠ .

سەوادیش گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا ئازارت پێگەیاندم، خودایش تۆی بە حەق و دادپەروەری ناردووە، ئەمەوێت تۆڵەی خۆم بکەمەوەو مافی خۆم لەتۆ وەربگرمەوە!!

پێغەمبەریش سکی خۆی هەڵکردو بەدەنگێکی پڕ لەسۆزو میهرەبانیەوە گوتی: دەی وەرەو تۆڵەی خۆت بکەرەوە.

سەوادی کوڕی غزیەیش پەلاماریدا و باوەشی بە پێغەمبەردا کرد و دەستیکردە ماچکردنی سکی پێغەمبەر، ئەوە بۆچی وادەکەیت ئەی سەواد؟!

سەودایش لەوکاتەی کە چاوەکانی پڕبوبون لە فرمێسك گوتی: تۆ دەبینی ئێمە لەشەڕدایین، هەربۆیە منیش ویستم کە کۆتا پەیمان و بەیەککگەیشتنم لەگەڵ تۆدا ئەوەبێت کە پێستم بەر پێستت بکەوێت، هەربۆیە پێغەمبەری خودایش دوعای بەخێری بۆکرد[٢٣].

***

## دوو مێردمنداڵ بەرگری لە پێغەمبەر دەکەن...

لە غەزای بەدردا و لەوکاتەی کە عبدالڕەحمانی کوڕی عەوف سەرقاڵی شەڕکردن بوو لەگەڵ کافرەکاندا ، دوو مێردمنداڵی بچوك هاتن کە خۆشەویستی پێغەمبەر هەڵیپێچابوون و یەکێکیان لەلای ڕاستی عبدالڕەحمانەوە وەستاو ئەویتریشیان لەلای چەپیەوە، یەکێکیان گوتی: مامەگیان تۆ ئەبوجەهل دەناسی؟!

عبدالڕەحمانی کوڕی عەفیش گوتی: بەڵێ دەیناسم بەڵام برازاگیان چ کارت پێی هەیە؟

---

[٢٣] صحيح السيرة النبوية لا ٢٣٦ .

منداڵەکەیش کە پێغەمبەری خودای زۆر خۆشدەویست گوتی: بیستومە کە جنێو بە پێغەمبەر دەدات، سوێند بەوکەسەی کە گیانی منی بەدەستە ئەگەر بیبینم ناهێڵم لەدەستم دەربچێت و دەبێت هەر بیکوژم!

عبدالرەحمانی کوڕی عەوفیش زۆر سەرسام بوو لە خۆشەویستی ئەو منداڵە بۆ پێغەمبەرو ئازایەتیەکەی!

دواتر منداڵەکەی تریش هەمان قسەی ئەوەی پێشووی کرد.

هێندەی نەبرد عبدالرەحمانی کوڕی عەوف ئەبوجەهلی بینی.

بە منداڵەکانی گوت: ئەوە ئەو کاربرایە کە ئێوە بەشوێنیدا دەگەڕێن.

هەردوو مێرد منداڵەکەیش بەخێراییەوە چون بۆی و بە شمشیرەکانیان لێیاندا تاوەکو کوشتیان!

دواتر چون بۆلای پێغەمبەری خودا و بەسەرهاتی خۆیان بۆ گێڕایەوە، پێغەمبەریش فەرموی کامتان کوشتی؟

هەریەکەیان گوتی: من کوشتم قوربان!

پێغەمبەریش سەیری شمشێرەکانیانی کرد: دواتر فەرموی هەردوکتان کوشتوتانە[٢٤].

## قەتادە بەدەموچاوی خۆی پێغەمبەر(ص) دەپارێزێت

لە غەزای ئوحوددا هاوەلی بەڕێزی پێغەمبەر (ص) قەتادەی کوڕی نیعمان لەبەردەمی پێغەمبەردا وەستابوو تیری دەباراند بەسەر دوژمناندا تاوەکو کەوانەکەی شکا.

---

[٢٤] اخرجه البخاری حدیث رقم ٣١٤٢ و اخرجه مسلم حدیث رقم ١٢٥٢ . ناوی دوو منداڵەکەیش عەمری کوڕی جەموح و مەعازی کەری عەفرا بووە .

بەلاَم ترس و خۆشەویستی ڕێگر بوون لەوەی کە قەتادەی کوڕی نیعمان شوێنەکەی خۆی بەجێبهێڵێت و دەموچاوی پێغەمبەری خودا بۆ موشریکەکان ئاشکرا ببێت و بیانەوێت بەتیر لێی بدەن!

هەربۆیە پاڵەوانی ئازای بێ چەك لەبەردەم پێغەمبەر وەستا و هەرتیرێك کە بەرەو ڕوی پێغەمبەر دەهات پێش ئەوەی بگات بە پێغەمبەر (ص) سەری لاردەکردەوە و ڕوی تێدەکرد.

ئەوەبوو کۆتا تیر کە موشریکەکان بەرەو ڕوی پێغەمبەر هاویشتیان و قەتادە سەری دایە بەری و بەداخەوە دایلە چاوی قەتادە و چاوەکەی کەوتە ناو مشتیەوە و نەیهێشت پێغەمبەری خودا بپێکرێت!!

قەتادەیش بەخێرایی بەچاوەکەیەوە چوبۆلای پێغەمبەری خودا.

کاتێك پێغەمبەر (ص) چاوی قەتادەی بینی لەناو مشتیدایە، چاوەکانی پڕ بوون لەفرمێسك.

پێغەمبەر فەرموی: خودایا قەتادە پێغەمبەرەکەی تۆی بە دەموچاوی خۆی پاراست، هەربۆیە تکات لێدەکەم چاوەکەی شیفا بدەو زۆر تیژ تری بکە بۆی لە بینیندا لەوەی کە پێشتر هەبووە، ئەوەبوو چاوەکەی قەتادەی خستەوە جێگەی خۆی و بەفەرمانی خودا شیفای بۆهات و چاکبویەوە و لەجاران زیاتر دەیبینی[٢٥].

***

## ئوم عەمارەو خۆشەویستی پێغەمبەر (ص)

لەڕۆژی ئوحوددا شەڕ گەرم بوو، ئاگری جەنگ کڵپەی سەند، ژنە پاڵەوان و سوارچاکی ئازای ژنان ئوم عەمارە(نوسەیبەی کچی کەعبی مازینی) سەرقاڵی

---

[٢٥] مجمع الزوائد ب ٦ لا ١١٣ .

ئاوگێڕان بوو بەناو سەربازەکانی ئیسلامداو چاودێری بارودۆخی موسوڵمانانی دەکرد بۆ ئەوەی لەحاڵی پێغەمبەر دڵنیا ببێتەوە، دەبینێت پێغەمبەرو سەربازەکانی نزیکن لەسەرکەوتنەوە، هەربۆیە زۆر دڵخۆش بوو دڵی ئارامی گرت.

بەڵام پاش ماوەیەك دەبینێت خەریکە دەستی موشریکەکان زاڵدەبێت بەسەر موسوڵماناندا، سەیری کردو دەبینێت پێغەمبەر لەگەڵ کۆمەڵێك لە هاوەڵاندا گەمارۆ دراوە، ئوم عەمارەیش لەبەر ترس لەگیانی پێغەمبەر و خۆشەویستی ئەو سەرووەرە وەك شێر پەلاماریدا و شمشێری هەڵگرت و خۆی خستە ناو چنگو کەڵبەی موشریکەکانەوە و بەرگری لە پێغەمبەر کرد تاوەکو بریندار بوو.

ئیبن قومئە هات و هاواری دەکرد: محمدم پێ نیشانبدەن، ڕزگارم نەبێت ئەگەر بهێڵم بەسەلامەتی دەربازی ببێت!

دواتر ڕۆیشت بۆ ئەوەی لە پێغەمبەری خودا بدات، بەڵام یەکسەر ئوم عەمارە چوویە بەردەمی بەشمشێرەکەی کێشای بەسەر شانیدا و هەر لەجێگەی خۆیدا خستی و مرد[٢٦].

***

## هیچ بیانویەکتان نیە

سەعدی کوڕی ڕەبیع جێگەی خۆی لەدڵی پێغەمبەردا کردبویەوە، نهێنیەکانی خۆی بۆ باسکردبوو، لە غەزای ئوحوددا تیرەکانی مردن هاتن و لەنێوان کوژراوان و برینداراندا وونیان کرد.

پێغەمبەر فەرموی: کێ هەیە بڕوات و هەواڵی سەعدی کوڕی ڕەبیعم بۆ بزانێت، ئایا ماوە یان مردووە؟

---

[٢٦] صفوة السير لابن كثير ب ٣ لا ٣٢ .

نوبەی کوڕی کەعبیش گوتی: من هەواڵت بۆ دەزانم.

پێغەمبەریش گوتی: ئەگەر سەعدی کوڕی ڕەبیعت بینی سلاوی منی پێبگەیەنەو پێی بڵێ پێغەمبەری خودا دەڵێت چۆن بتبینمەوە؟

نوبەی کوڕی کەعبیش دەرچوو بەوردی لەناو کوژراوەکاندا دەگەڕا، دەبینێت سەعد بەسەختی بریندارە.

نوبەی کوڕی کەعبیش پێی گوت: ئەی سەعد پێغەمبەری خودا منی ناردووە بۆ ئەوەی بزانم تۆ ماویت یان مردویت؟

سەعدیش گوتی دوازدە برینم پێوەیە.

دواتر گوتی: بەپێغەمبەری خودا بڵێ سەعد گوتویەتی بۆنی بەهەشت دەبیستم، بە هۆزەکەیشم (ئەنصارەکان)یش بڵێ (هیچ بیانویەکتان نیە لەلای خودا ئەگەر یەکێك لەکافران بگاتە لای پێغەمبەری خودا لەناو ئێوەیشدا چاوێك هەبێت کە ببینێت).

دواتر گیانی سپاردو دڵی پڕو ئاوەدان بوو لە خۆشەویستی پێغەمبەری خودا[٢٧].

## خۆشەویستی ئوم سەعد بۆ پێغەمبەر(ص)

لەپاش غەزای ئوحود کەبشەی کچی عوبەیدی خەزرەجی (ئوم سەعدی کوڕی مەعاز) بەناو موسوڵمانەکاندا دەگەڕا بۆ ئەوەی لە پێغەمبەر دڵنیا ببێتەوە، پێغەمبەری بینی کە بەسەر ئەسپەکەیەوە وەستابوو، سەعدی کوڕی مەعازی کوڕیشی دیت کە جڵەوی ئەسپەکەی پێغەمبەری گرتووە.

سەعد گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا ئەوە دایکمە.

پێغەمبەریش گوتی: سلاوی لێبێت.

[٢٧] صحیح السیرة لا ٢٩٤.

نوم سەعدیش لە پێغەمبەری خودا نزیکبوویەوەو بەوردیەوە سەیری دەکرد و لەوە دڵنیابوویەوە کە سەلامەتە.

بەدڵخۆشیەوە گوتی: کە تۆم بینی سوپاس بۆخودا سەلامەتیت، ئیتر بەڵاو موسیبەتەکانمان لەسەر کەم دەبێتەوە.

پێغەمبەری خودایش: هاوخەمی خۆی بۆ ئەم خاتونە ڕاگەیاند بەهۆی شەهیدبوونی عەمری کوڕی مەعازی کوڕییەوەو پێی گوت: ئەی نوم سەعد موژدەم بدەرێ کوڕەکەت و هاوڕێ شەهیدەکانی وەك هاوڕێ هەمویان لەبەهەشتی بەرینی خودای گەورەدان.

نوم سەعدیش گوتی: ڕازین ئەی پێغەمبەری خودا ئیتر کێ هەیە لەپاش ئەو موژدە خۆشەوە بوێری بەخۆی بدات و بۆیان بگری[٢٨]!

دواتر بەدڵخۆشیەوە گەڕایەوە چوونکە لەوە دڵنیابویەوە کە خۆشەویستی دڵان پێغەمبەری خودا تەندروست و سەلامەتە.

***

## مالیکی کوڕی سینان و خوێنی پێغەمبەر(ص)

لەڕۆژی ئوحوددا موشریکەکان هێرشێکی دڕندانەیان کردە سەر پێغەمبەر(ص) تاوەکو ددانەکانی پێشەوە شکان و تەوێڵیشی بریندار بوو.

مالیکی کوڕی سینانی باوکی ئەبی سەعیدی خودری ڕەزای خودایان لێبێت هات و خوێنەکەی تەوێڵی پێغەمبەری هەڵمژی تاوەکو پاکیکردەوە.

پێغەمبەری خودایش پێی گوت: بیتفەرەوە و قوتی نەدەیت.

---

[٢٨] مغازی الواقدی ب ١ لا ٣١٥ - ٣١٦ .

مالیکی کوڕی سینانیش بەوپەڕی خۆشویستی و بەختەوەرییەوە گوتی: سوێند بەخودا نایتفمەوە.
پیاوی ئازا مالیکی کوڕی سینان کە پێغەمبەری خودای زۆر خۆشدەویست، ڕۆیشت و شەڕی کرد و بەرگرییەکی زۆر ئازایانەی لە پێغەمبەر دەکرد تاوەکو شەهید بوو کە هێشتا خوێنەکەی پێغەمبەر لەناو گەدە و جەستەی پیرۆزیدا بوو.
پێغەمبەریش فەرموی: هەرکەسێك ئەیەوێت سەیری پیاوێکی ئەهلی بەهەشت بکات با سەیری ئەم پیاوە(مالیك) بکات[٢٩].

## دڵی کلپەی دەهات لە خۆشەویستی پێغەمبەردا (ص)

بە جلوبەرگێکی هەژارانە و بە جەستەیەکی لەڕو لاوازەوە، کە برسیەتی بڕستی لەبەر بڕی بوو، هاوەڵی بەڕێزی پێغەمبەر موصعەبی کوڕی عومەیری دڵ تێرئاو بە ئیمان و ئاوەدان بە خۆشەویستی پێغەمبەری خودا، هات بۆلای حەزرەتی پێغەمبەر، کاتێك بینی زۆر دڵی پێی سوتاو گوتی: سەیری ئەو پیاوە بکەن کە خودا دڵی ڕوناك کردووەتەوە، پێشتر لەلای دایکوباوکێك بووە کە خۆشترین خواردن و خواردنەوەی خواردووە، بەڵام سەیری بکەن و بزانن خۆشەویستی خودا و پێغەمبەرەکەی بەکوێیان گەیاندووە[٣٠]!!

## خۆشەویستی ژنێکی ئەنصارەکان بۆ پێغەمبەر (ص)

لە غەزای ئوحوددا هەواڵی کوژرانی پێغەمبەری خودا بڵاو بویەوە، تەنانەت هەواڵەکەیش گەیشتەوە ناوماڵەکانی شاری مەدینە، ئەوەبوو یەکێك لە ژنە

[٢٩] الرحيق المختوم لا ٢٤٣ .
[٣٠] حلية الأولياء ب ١ لا ١٠٨ .

موسوڵمانە ئەنصاریەکانیش کە خۆشەویستی پێغەمبەر هەروەك خوێن بەناو دەمارەکانیدا هاتو چۆی دەکرد ئەم هەواڵەی بیست.

ئەم هەواڵە هەستەکانی بزواند و یادگارییە خەوتووەکانی بەخەبەر هێنایەوە، هەربۆیە بەپەلە لەشار دەرچوو بە چاوەکانیدا فرمێسك دەهاتە خوارەوە، وەك عەودالێك بەشوێن پێغەمبەردا دەگەڕا بۆ ئەوەی بۆ کۆتا جار ببینێت و ماڵئاوایی لێبکات.

خەڵکەکەیش پێیانگوت: مێردەکەت و باوکت و براکەت شەهید بوون!!

ئەویش بەزمانێکی پاراو بە خۆشەویستی پێغەمبەر گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا چی بەسەرهاتووە؟

گوتیان: زۆر باشە، سوپاس بۆخودا بەوجۆرەیە کە تۆ دەتەوێت.

لەپاش هەڵکێشانی هەناسەیەکی قوڵ گوتی: نیشانم بدەن تاوەکو بەچاوەکانی خۆم حەزرەت ببینم.

کاتێك بینی گوتی: هەموو بەڵاو موسیبەتێك لەپاش تۆ ئاسان و سادەیە[٣١].

***

## فرمێسکی خۆشەویستی

لەناوەڕاستی قیژەی شمشێرو حیلەی ئەسپەکاندا کەسێك بەدەنگی بەرز هاواری دەکرد و دەیگوت: محمد کوژرا....!!

ئەم دەنگە وورەی موسوڵمانانی ڕوخاند، هێزی لەبەر برین، ئەنەسی کوڕی نەزر هات و دەبینێت هەمووان لەشەڕکردن سارد بونەتەوە.

ڕویکردە هەمویان و گوتی: بۆ چی دانیشتون؟!

[٣١] مجمع الزوائد ب ٦ لا ١١٥.

گوتیان: پێغەمبەری خودا کوژراوە ! !

ئەو لەوکاتەی کە خەم و پەژارەی لەدەستدانی پێغەمبەری خۆشەویستی دڵی دەگوشی و دەرونی پارچە پارچە دەکرد گوتی: باشە ئەی لەپاش ئەو ئیتر ژیانتان بۆ چیە؟! هەستن و ئێوەیش لەسەر ئەوە بمرن کە ئەو لەپێناویدا شەهید بووە ! !

دواتر خۆی خستە ناو گەردەلولی شمشێرو تیرەکانەوە بەوپەڕی ئازایەتیەوە شەڕیکرد تاوەکو شەهید بوو[٣٢].

## مێزەرەکەی خالید...

خالیدی کوڕی وەلید خۆی ئامادە کرد بۆ ئەوەی لەگەڵ پێغەمبەری خوادا عومرە بکات، خەڵکەکەیش پێشبڕکێیان بوو هەریەکە و کەمێك لەسەری خۆی دەتاشی، خالیدی کوڕی وەلیدیش بەخێرایی خۆی گەیاندە پێغەمبەر و هەرمویەك لەسەری حەزرەت دەکەوتە خوارەوە ئەم هەڵیدەگرت و دەیخستە ناو مێزەرەکەیەوە.

خالید خۆی دەڵێت: ئەو مووەم نیشانی هەر دەموچاوو دڵێکی خەمبار دابێت کراوەتەوە و دڵخۆش بووە[٣٣].

## کۆتەرە دارخورماکە بۆ پێغەمبەر دەگری...

بەدڵێکی ئاوەدان بەئیمان و باوەڕەوە، بە ویژدانێکی ڕاستگۆی لێوانلێو لە خۆشەویستی خوداو پێغەمبەرەکەیەوە، ژنێکی ئەنصاری هات بۆلای پێغەمبەری خودا و بەشەرم و حەیایەکی زۆرەوە گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا... ئایا شتێکت بۆ دانەنێم کە لەسەری دابنیشیت و ووتاری لەسەر بخوێنیتەوە؟...چونکە من

---

[٣٢] البداية والنهاية ب ٤ لا ٣٦ . السيرة النبوية لابن هشام ب ٣ لا ٣٤ .

[٣٣] المطالب العالية ب ١ لا ٣٢ .

خولامێکی دارتاشم هەیە...پێغەمبەریش (ص) بەئەدەبێکەوە گوتی: ئەگەر بتەوێت.

ژنەکەیش بەوپەڕی دڵخۆشیەوە ڕۆیشت و لەگەڵ خولامەکەیدا مینبەرێکیان بۆ پێغەمبەر دروستکرد، کاتێك ڕۆژی هەینی هات پێغەمبەر لەسەر مینبەرە دروستکراوەکە دانیشت، کۆتەرە دارخورماکە کە پێشتر پێغەمبەر ووتاری لەسەر دەخوێندەوە، لەبەر جیابونەوە لە پێغەمبەر هاواری کرد و خەریکبوو ببێت بە دوو کەرتەوە.

پێغەمبەری خودایش هاتە خوارەوە و باوەشی پێدا کرد و هەروەك منداڵ ناڵەی دەهات، کاتێك کۆتەرە دارەکە لکا بەسینەی پێغەمبەرەوە هێور بویەوە و گریانەکەی وەستایەوە[٣٤].

## ئارەقی پێغەمبەر بۆنی لە میسك خۆشتر بووە

پێغەمبەری خودا لەکاتی نیوەڕۆدا لەماڵی خاتو ئوم سولەیمدا دەخەوت، کاتێك خەوی لێدەکەوت و تەوێڵی ئارەقەی دەکرد، ئوم سولەیمیش بەخێرای دەچوو کلدانێکی بچوکی دەهێناو ئارەقەکەیی و هەندێك لە مووەکانی دەگرت، ڕۆژێکیان کاتێك سەرقاڵی ئەو کارە بوو، پێغەمبەر خەبەری بویەوە، بەسەرسامیەوە گوتی: ئەی ئوم سولەیم ئەوە چی دەکەیت؟!

ئەویش بە خۆشەویستیەکی زۆرەوە گوتی: ئەمە ئارەقەی تۆیە دەیکەینە عەترو بۆنخۆشی بۆ خۆمان، کە لەهەموو شتێك بۆنی خۆشترە[٣٥].

[٣٤] اخرجه البخاری حدیث رقم ٣٥٨٣ و اخرجه الدارمی حدیث رقم ١٥٦٣ .

[٣٥] اخرجه مسلم حدیث رقم ٢٣٣١ .

## ترسی صەفیە لەسەر پێغەمبەر(ص).

ئاگری شەڕی خەیبەر دامرکایەوە، تەپوتۆزی جەنگ بەسەر جەستە و سەری شۆڕشگێڕانەوە تەکێنرا، موسوڵمانەکان سەرکەوتنیان بەدەستهێنا، خاتو صەفیە بەبوکی گوازرایەوە بۆ پێغەمبەر (ص).

سوپا بەرەو بەمەدینە بەڕێکەوت، لەشوێنێکی نزیکی خەیبەر پێغەمبەر لایدا و ویستی سەرجێی لەگەڵ صەفیەدا بکات، بەڵام دایکی ئیمانداران نەیهێشت و کارەکەی ڕەتکردەوە.

کاتێك کە پێغەمبەر لەناو چەی خەیبەر دوور کوەوتەوە، چوبۆلای خاتو صەفیە، ئەویش لەلای دانیشت و وەك ڕێزو خۆشەویستی پێغەمبەری لەسەر ئەو پاڵپشتە دانیشاند کە هەمیشە خۆی لەسەری دادەنیشت، دەستیان کردە قسە و دەمە تەقێ.

پێغەمبەر فەرموی: باشە بۆچی جاری یەکەم نەتهێشت بێمەلات؟

ئەویش کە لەناو خۆشەویستی پێغەمبەردا توابوویەوە و ترسی لەسەر گیانی سەرورەر هەبوو گوتی: لەوە ترسام کە بەهۆی نزیکیت لە جولەکەکانەوەو زیانێکت پێبگەیەنن.

پێغەمبەریش بە بۆچونەکەی و خۆشەویستیەکەی زۆر دڵخۆش بوو سوپاسی کرد[٣٦].

***

## لەسەر ڕاخەرەکەی پێغەمبەری خودا دامەنیشە!!

قورەیش خیانەت و ناپاکیان کرد و ڕێککەوتنامەی حودەیبیەیان شکاند، ئەبوسوفیانیش بەخێراییەوە چوو بۆ مەدینە بۆ ئەوەی پەیمانەکە تازە بکاتەوە،

[٣٦] صفة الصفوة ب ١ لا ١١٤.

هەربۆیە یەکەمجار چوویە ماڵی خاتوو ڕەملەی خێزانی پێغەمبەر (ص) کە کچی ناوبراو بوو، بۆ ئەوەی بەڵکو لەلای پێغەمبەری مێردی تکایەك بۆ باوکی بکات.

کاتێك ئەبوسوفیان چوویە ماڵی ڕەملەی کچیەوە، وویستی لەسەر ڕاخەرەکەی پێغەمبەر دابنیشێت کە ڕاخرابوو.

خاتوو ڕەملە بەخێرایی کە دڵی لێوانلێو بوو لە خۆشەویستی پێغەمبەر پێش ئەوەی باوکی دابنیشێت یەکسەر ڕاخەرەکەی لابرد و گوتی لەسەر ڕاخەری پێغەمبەری خودا دانەنیشیت.

ئەبوسوفیانیش بەوپەڕی سەرسامیەوە گوتی: ئایا منت بەشیاوی ئەم ڕاخەرە نەزانی یان ڕاخەرەکەت بەشیاوی من نەزانی؟! ئەویش بەدڵێکەوە کە خۆشەویستی لێدەچۆڕا گوتی: ئەوە ڕاخەری پێغەمبەری خودایە، تۆیش موشریکیت، هەربۆیە حەز ناکەم لەسەر ڕاخەرەکەی پێغەمبەری خودا دابنیشیت!

خۆشەویستی ڕەملەی کچی ئەبوسوفیان بۆ پێغەمبەری خودا کە ڕێزو گەورەیی و دڵنیاییەکی پێبەخشیبوو زۆر زیاتر بوو لە خۆشەویستی بۆ باوکی[٣٧].

## عومەر بۆ پێغەمبەری خۆشەویستی دەگری!

ڕۆژێکیان عومەری کوڕی خەتتاب چوو بۆ لای گەورەی پێغەمبەران و دەبینێت کە بەلادا و لەسەر حەسیرێکی زبر پاڵکەوتووە، هێندە لاواز بوو شوێنەواری حەسیرەکە بەجەستەیەوە دەرکەوتبوو، لەلای سەریشیەوە پشتیەکی دروستکراو لەخاشاك دانرابوو، لەسەر سەریشیەوە پێستەیەکی ووشك هەڵواسرابوو، لەسوچێکی ژورەکەدا نزیکەی تاسەیەك جۆ دانرابوو.

---

[٣٧] صفوة الصفوة ب ١ لا ٢٢٤ .

کاتێک پێغەمبەری بەمشێوەیە بینی، فرمێسکەکانی عومەری کوڕی خەتتاب هاتنە خوارەوە.

پێغەمبەریش فەرموی: ئەی کوری خەتتاب بۆچی دەگریت؟

عومەریش کە فرمێسکەکانی تێکەڵی هەستەکانی بوبون گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا چۆن نەگریم، کاتێك حەسیرەکە دەبینم شوێنەواری لەسەر جەستەت دروستکردووە، ئەمەش کۆگای خۆراکەکەتە کە تەنها ئەو جۆیەی تێدایە. بەڵام کیسراو قەیصەر لەسەر ڕاخەری ئاڵتون و زیوو ئاوریشم دادەنیشن!!

پێغەمبەریش کە ئەیەوێت ترس و خەمەکانی عومەر کەمبکاتەوە و ترسی لەسەر پێغەمبەر نەبێت فەرموی: ئایا تۆ ڕازی نابیت کە دوونیا بۆ ئەوان بێت و قیامەتیش بۆ ئێمە؟!

عومەریش پاش ئەوەی دڵنیابوویەوە لەسەر پێغەمبەری خۆشەویستی گوتی: بەڵێ[38]...

## خۆشەویستی عوسمان بۆ پێغەمبەر(ص)

پێغەمبەرو هاوەڵانی لە ناوچەی حودەیبیەدا لایاندا، قورەشیش بەو لادانەی پێغەمبەر و هاوەڵان زۆر سەغڵەت بوو ترسی لێنیشت. پێغەمبەریش حەزیکرد کە نوێنەرێك بنێرێت بۆلایان و هەواڵیان پێبدات کە بۆ تەوافی بەیت هاتووە نەك بۆ شەڕ.

ئەوەبوو عوسمانی کوڕی عەفانی کردە نوێنەر، چوونکە لەناو مەککەدا خاوەنی ڕێز عیزەتێکی زۆر بوو.

---

[38] اخرجه الحاكم ب ٧ لا ١٠٤ و اخرجه احمد ب ١ لا ٣٣ .

پێغەمبەر پێی گوت: پێیانبڵێ ئێمە بۆ شەڕ نەهاتووین، بەڵکو بۆ ئاوەدانی و ئاشتی هاتووین، بانگیان بکە بۆ سەر ئاینی ئیسلام.

عوسمانیش بەرەو مەککە بەڕێکەوت، ئیبانی کوڕی سەعیدی کوڕی عاص پێشوازی لێکرد و بەخێرهاتنی کرد و خستیە پەنای خۆیەوە.

کاتێك عوسمان ئەرکەکەی جێبەجێکرد و پەیامەکەی خۆی گەیاند پێیانگوت: ئەگەر حەزدەکەیت تەوافی بەیت بکە.

عوسمانیش وەك ڕێزو حورمەت و خۆشەویستیەك بۆ پێغەمبەر گوتی: هەرگیز تەواف ناکەم تاوەکو پێغەمبەری خودا تەواف دەکات[٣٩] ! !

***

## تۆ لەگەڵ ئەو کەسەدایت کە خۆشت دەوێت

بەهەنگاوانێکی لاوازەوە، بەدڵێکی لێوانلێو لە خۆشەویستیەوە، پیاوێك لە هاوەڵان هات و بێجگە لە خۆشەویستی پێغەمبەر هیچی تری لەم دوونیایەدا شك نەدەبرد، هەربۆیە لە پێغەمبەر نزیکبوویەوەو بە دەنگێکەوە کە بەتەواوەتی لەدەمارەکانی دڵیەوە دەهاتنە خوارەوە گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا کەی قیامەت دێت؟

پێغەمبەریش بەزەردەخەنەیەك و چاوێکی پڕ لە خۆشەویستیەوە سەیری پیاوەکەی کرد و بەنەرم و نیانیەوە گوتی: چیت بۆ ئامادە کردووە؟

پیاوەکەیش بە خەم و پەژارەیەکی زۆرەوە گوتی: نوێژو ڕۆژوو خێری زۆرم بۆ ئامادە نەکردووە، بەڵام خوداو پێغەمبەرەکەیم خۆشدەوێن! !

پێغەمبەریش بەوپەڕی بەختەوەری و موژدەوە فەرموی: تۆ لەگەڵ ئەو کەسەدایت کە خۆشت دەوێت[٤٠].

---

[٣٩] السيرة النبوية لابن هشام ب ٤ لا ٢٨٢ .

## خۆشەویستی موسوڵمان بوونی ئەبوتالیب

لە گۆڕەپانی خۆشەویستی و سۆزو میهرەبانیدا ئەبوبەکری صدیق لەلای هاوڕێی تەمەن و خۆشەویستی خۆی حەزرەتی پێغەمبەر دانیشت و خۆشەویستی بەسەرزاریدا دەهاتە دەرەوە.

دواتر ئەبوبەکر گوتی: سوێند بەوکەسەی کە تۆی بەحەق و ڕاستی ناردووە، موسوڵمان بوونی ئەبوتالیبم پێخۆشتر بوو تاوەکو موسوڵمانبوونی ئەبوقوحافەی باوکم، ئەوەش تەنها لەبەر ئەوەیە کە دەزانم تۆ زۆرت حەزدەکر کە ئەبوتالیبی مامی خۆشەویستت موسوڵمان ببێت و بەموسوڵمانی بمرێت[41]!!

## خۆشەویستی سەودە بۆ پێغەمبەر(ص)

خاتو سەودەی کچی زەمعەی دایکی ئیمانداران هەموو ژیانی بە خۆشەویستی بۆ پێغەمبەری خوداو خزمەتکردنی خۆی و چاودێری کردنی کچەکانی بردە سەر، دڵخۆشی بەوژیانە بەختەوەرە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیادی دەکرد، هەمیشە باش و تەندروستبوو تاوەکو نزیکی تەمەنی پیری بوویەوەو هێزی کەمبویەوە و لاواز بوو.

خۆشەویستی بۆ پێغەمبەر وایلێکرد کە ڕۆژێکیان بەدڵێکی پڕ لە شەوقی خۆشەویستیەوە پێی بڵێ:

ئەی پێغەمبەری خودا من ئەوەم ناوێت کە ژنان ئەیانەوێت، هەربۆیە حەزدەکەم لەڕۆژیی قیامەتدا لەگەڵ ژنەکانتدا حەشر بکرێم و شەوەکەی خۆمم بەخشیبێت بە عائیشە.

---

[40] اخرجه البخاری حدیث رقم ٦١٧١ و اخرجه مسلم حدیث رقم ٢٦٢٩ .

[41] اخرجه ابن عساکر فی تأریخه لا ٩٥٤ .

پێغەمبەریش لەم هەڵوێستە جوان و گەورە پڕ لەخۆشەویستیە هیچی بۆ نەمایەوە هەر ئەوەندە نەبێت کەفەرموی: ئەوەی کە تۆ دەیخوازیت لە بەهەشتدا بەدەستی دەهێنیت[٤٢].

***

## خۆشەویستی عومەر بۆ پێغەمبەری خودا....

هەروەك تۆپەڵەیەك لەنورو ڕووناکی...عومەری کوڕی خەتتاب لەخزمەتی پێغەمبەر(ص)دا دانیشت.

عومەری کوڕی خەتتاب گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا تۆم لەهەموو شتێك زیاتر خۆشدەوێت بێجگە لە نەفسی خۆم نەبێت!

پێغەمبەریش وەك مامۆستایەکی زۆر بەئەدەب: فەرموی نەخێر سوێند بەوکەسەی کە گیانی منی بەدەستە دەبێت منت لەخۆت زیاتر خۆشبوێت!

عومەریش کە وروژانێکی خۆشەویستی بەجەستەیدا هات گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا سوێند بەخودا ئێستە تۆم لە خۆیشم خۆشتر دەوێت.

پێغەمبەریش بەدڵێکی دڵنیاوە فەرموی: ئێستە تەواوە ئەی عومەر[٤٣]...

## تۆ لەڕۆژی قیامەتدا لەگەڵ ئەو کەسەدایت کە خۆشت دەوێت...

بەشەوق و عەودالیdەکی زۆرەوە ئەبوزەڕی غیفاری چو بۆلای پێغەمبەری خودا(ص)....

---

[٤٢] الاصابة ب ٨ لا ١٩٦ .

[٤٣] أخرجه البخاری حديث رقم ٦٦٣٢ .

پێغەمبەری خودا شێلرابوون گوتی: ئەی بەکۆمەڵێك ووشە کە بەناوی خۆشەویستی پێغەمبەری خودا پیاو کۆمەڵێکی خۆشدەوێت بەڵام ناتوانێت وەك ئەوان بکات...

پێغەمبەریش زۆر بەسادە و سانابییەوە گوتی: ئەی ئەبوزەڕ تۆ لەگەڵ کەسێکدایت کە خۆشت دەوێت.

ئەبوزەڕیش گوتی: من خوداو پێغەمبەری خودام خۆشدەوێت.

پێغەمبەریش فەرموی: لەڕۆژی قیامەتدا تۆ لەگەڵ ئەو کەسەدایت کە خۆشت دەوێت[٤٤]!!

## خۆشەویستی زەید بۆ پێغەمبەر(ص)

موشریکەکان هاوەڵی بەڕێزی پێغەمبەر زەیدی کوڕی دەسنەیان بە کۆت و زنجیر بەستەوەو زیندانیان کرد.

ڕۆژێکیان کافرەکان بەکۆت و زنجیرکراویەوە زەیدی کوڕی دەسنەیان نارد بۆناو گۆڕەپانی کەعبە بۆ ئەوەی ئازاری بدەن و دواتر بیکوژن.

پاڵەوانی ئازا کە پێکەنینی بە مردن دەهات و دڵی پڕ بوو لە خۆشەویستی خوداو پێغەمبەرەکەی زۆر سەربەرزو ئیمان و باوەڕ بەهێز بوو.

لەوکاتەی کە زەید بەو پەڕی سەربەرزی بەختەوەریەوە وەستابوو، بەناو تەسبیحات و زیکرو یادی خودا ڕۆچوبوو، ئەبوسوفیانی کوڕی حەربی موشریك لێی نزیکبوویەوە و بە هێمنیەوە پێی گوت:

ئەی زەید خودا دەکەم بەشاهێد بەسەرتەوە ، ئایا حەزت نەدەکرد کە ئێستە محمد لەلای ئێمە بوایە و لەگەردنیمان بدایە و تۆیش لەناو ماڵ و خێزانی خۆتدا بوتایە ؟!

---

[٤٤] اخرجه البخاري حديث رقم ٧٢٧٥ و اخرجه مسلم حديث رقم ٨١٣ .

زەیدیش كە هەموو دڵ و دەروون و ویژدانی لێوانلێوبوو لە خۆشەویستی پێغەمبەری خودا گوتی: نەخێر سوێند بەخودا حەزناكەم ئێستە نەك محمد لێرە بێت! بەڵكو حەزیش ناكەم كە ئێستە لەشوێنی خۆیدا دڕكێكیش بچێت بەقاچیداو من لەناو ماڵ و منداڵ و خێزانی خۆمدا بم!!

ئەبوسوفیانیش كە قسە ڕاستگۆیانەكانی زەید كاریان تێكردبوو گوتی: تاوەكو ئێستە لەژیانمدا كەسم نەبینیوە وەك هاوەڵانی محمد سەركردە و گەورەكەی خۆیان خۆش بوێت[٤٥]!!

## خۆشەویستی صەفوان بۆ پێغەمبەر (ص)

صەفوانی كوڕی قودامە بە ئیمانەكەیەوە لەماڵەوە دەرچوو بەرەو لای پێغەمبەر كۆچی كرد.

كاتێك چویە ناو مەدینەوە و چویە خزمەتی پێغەمبەرەوە(ص) و دڵی شادبویەوە بە نزیكی و هاوەڵایەتی پێغەمبەری خودا.

بەچاوی پڕ لە فرمێسكی خۆشەویستیەوە گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا دەستم پێبدە با بەیعەت و پەیمانت پێبدەم.

پێغەمبەریش دەستی خستە ناو دەستیەوە، كاتێك صەفوان هەستیكرد كە دەستی بەردەستی پێغەمبەر كەوتووە، یەكسەر دڵی عەودالی هێمن بوویەوە و ئارامیگرت.

بەدڵێكی خۆشی ڕاستگۆیانەوە گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا من خۆشم دەوێیت!

پێغەمبەریش فەرموی: دەی كەواتە لەوە دڵنیابە لە قیامەت مرۆڤ لەگەڵ ئەو كەسەدایە كە خۆشی دەوێت[٤٦]....

---

[٤٥] اخرجه البخاري حديث رقم ٣٠٤٥ .

[٤٦] مجمع الزوائد ب ٩ لا ٣٦٤- ٤٦٥ .

## سەفینە خوێنی پێغەمبەر دەخواتەوە...

ڕۆژێکیان پێغەمبەر کەڵەشاخی کرد، بە سەفینەی خزمەتکاری خۆی گوت:

بڕۆ ئەم خوێنە بکە بەژێر خاکەوە بۆ ئەوەی خەڵکی گیانەوەران نەیبینن.

بەڵام سەفینە لەدەستی وەرگرت و لەبەر خۆشەویستی بەرەکەتی پێغەمبەر خوێنەکەی خواردەوە....

کاتێک سەفینە گەڕایەوە پێغەمبەری خودا پێی گوت: چیت لە خوێنەکە کرد؟

سەفینەیش گوتی: خواردمەوە...

پێغەمبەریش زەردەخەنەیەکی کرد لەبەرامبەر ئەوکارەی سەفینەدا[٤٧]...

## خۆشەویستی پێغەمبەر مرۆڤ دەخاتە بەهەشتەوە...

لەوپەڕی دڵخۆشی بەختەوەریدا، یەکێك لە هاوەڵان هات بۆلای پێغەمبەری خودا.

بەزمانێکەوە کە زۆر دڵی خۆش بوو گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا تۆم لە خێزان و ماڵەکەم زیاتر خۆشدەوێت! چونکە کاتێك بیرت دەکەم، خۆم ڕاناگرم تاوەکو نەتبینم، منیش بیرم لە مردنی من و تۆ کردەوە، لەوە تێگەیشتم ئەگەر بچینە بەهەشتەوە تۆ دەچیتە ئەو شوێنەی کە شیاوی پێغەمبەرانە، ئەوکات ئیتر من ناتبینمەوە!

هەربۆیە ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە بۆ پێغەمبەر و فەرموی (هەرکەسێك گوێڕایەڵی خودا و پێغەمبەرەکەی بکات، ئەوا ئەو کەسانە لەگەڵ ئەوانەن کە خودا نازو نیعمەتی خۆی لە بەهەشتدا بەسەردا باراندون لە پێغەمبەران و ڕاستگۆیان و

[٤٧] اتحاف الخیرة حدیث رقم ٨٦٨٠.

شەهیدان و پیاوچاکاندان، ئای چەندە خۆش و جوانە مرۆڤ هاوەڵی ئەو کەسانە بێت)[٤٨]

پێغەمبەریش پاش ئەوەی وەحی بۆ هات و ئەم ئایەتەی بۆ نێردرایە خوارەوە، پیاوەکەی بانگکردو لەخۆی نزیک کردەوە و ئەم ئایەتەی بۆ خوێندەوە، بۆ ئەوەی دڵ و دەرونی ئارام بگرێت و بێخەم بێت کە لەڕۆژی قیامەتدا لەگەڵ پێغەمبەری خۆشەویستی خۆیدا دەبێت[٤٩]...

## پێغەمبەر خۆشەویستی ئەبوبەکر ڕووندەکاتەوە...

بە هەنگاوانێکی لەسەرخۆی قورەسەوە... ئەبوبەکر هات و چمکێکی کراسەکەی گرتبوو بەدەستیەوە و جارجاریش ئەژنۆکانی دەردەکەوتن، ڕەنگی دەموچاوی گۆڕابوو خەم و خەفەت بەسەر ڕوومەتیەوە دەبینرا...

پێغەمبەریش یەکسەر زانی کە لەنێوان ئەوو عومەری کوڕی خەتتابدا شتێك ڕویداوە. ئەوبەکر بەخێرایی ویستویەتی عومەر دڵنیا بکاتەوە بەڵام عومەر قبوڵی نەکردووە. هەربۆیە ئێستە هاتووە بۆلای پێغەمبەر.

پێغەمبەری خودایش سێجار گوتی: خودا لێت خۆش بێت ئەی ئەبوبەکر...دواتر عومەر هەستی بە پەشیمانی کرد، چو بۆ ماڵی ئەبوبەکر و دەبینێت لەوێ نیە، بەڵام هات بۆلای پێغەمبەر دەبینێت لەلای سەروەر دانیشتووە.

کاتێك عومەر لە پێغەمبەر نزیکبویەوەو چویە نزیکی ئەبوبەکری صدیقی خۆشویستیەوە دانیشت، دەموچاوی پێغەمبەر سور هەڵگەڕاو گۆڕدرا.

---

[٤٨] سورەتی النساء ئایەتی ٦٩ .

[٤٩] مجمع الزوائد ب ٧ لا ١٦ .

خۆشەویستی نوستوی ناو دڵ و دەرونی صدیق جوڵەیەکی کرد، زۆر بەزەیی بە خۆشەویستیدا هاتەوە و کەوتە سەر ئەژنۆو بەوپەڕی خۆشەویستی و دڵدانەوەی پێغەمبەرەوە گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا سوێند بێت خەتای من بوو سوێند بەخودا خەتای من بوو....

پێغەمبەریش کە باسی خۆشەویستی صدیق دەکات و دەڵێت: خودا منی کردە پێغەمبەر بۆ ئێوە، بەڵام هەموتان گوتتان درۆت کرد، بەڵام ئەبوبەکر گوتی: ڕاست دەکەیت! بە نەفس و دڵ و دەرون و ماڵ و سامانەکەی دڵیدامەوە و پشتیوانی لێکردم، هەربۆیە دووجار گوتی ئایا ئەتانەوێت هاوڕێکەم واز لێبهێنن، لەو ڕۆژە بەدواوە کەس بوێری ئەوەی بەخۆی نەدەدا کە ئەبوبەکر ئازار بدات[50].

## خۆشەویستی تەلحە بۆ پێغەمبەر(ص)

لە غەزای ئوحوددا شەڕ گەرمبوو، دەستی موشریکەکان نزیکی پێغەمبەر کەوتەوە، خەریکبوو دەستی پیس و چەپەڵیان بیگاتێ، نۆ کەس لە هاوەڵان وەستان بۆ ئەوەی بەرگری لە پێغەمبەر بکەن، لەپاش شەڕێکی قورس یەك لەدوای یەك دەکەوتن و شەهید دەبوون.

پاڵەوانی بەجەرگ تەلحەی کوڕی عوبەیدوللە بەوپەڕی ئازایەتی و فیداکارییەوە بەرگری لە پێغەمبەری خۆشەویستی خۆی دەکرد، تاوەکو برینداری هێزی لەبەر بڕی و تیرێك بەری دەستی کەوت کە نەیدەتوانی ئەو دەستەی بجولێنێت.

کاتێك پێغەمبەری خودا ویستی کە بەسەر تاشە بەردێکدا سەربکەوێت، هەرچی کرد نەیتوانی... تەلحەیش بەو هێزو توانا کەمەیەوە کە مابوی بەخێراییەوە ڕۆیشت و

---

[50] اخرجه البخاري حديث رقم ٣٦٦١ .

شانیدایە ژێر قاچی پیرۆزی پێغەمبەرەوە و بردیە سەر بەردەکە و کەمێك لە دەستی چەپەڵی موشریکەکان دووری خستەوە.

پێغەمبەر لەپاش ئەوەی کە خۆشەویستی تەلحەی بۆ دەرکەوت، فەرموی: بەهەشت واجب بوو بۆ تەلحەی کوڕی عوبەیدواللە[٥١]...

***

## ئەو خوداو پێغەمبەرەکەی خۆش دەوێت

شەوداهات و تاریکی باڵیکێشا بەسەر هەموو شوێنێکی بوونەوەردا، یەکێك لە خۆشەویستانی حەزرەتی پێغەمبەری لەبەر خۆشەویستی و عەشقی بەرامبەر سەروەری مرۆڤایەتی ئەدرەعی سولەمی چو بۆلای پێغەمبەری خودا، بۆ ئەوەی پاسەوانی بکات، بەڵام گوێی لە پیاوێك بوو کە بەدەنگی بەرز قورئانی دەخوێند و مرۆڤی خەوتووی بەخەبەر دەهێنایەوە. کاتێك پێغەمبەر هاتە دەرەوە ئەدرەع گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا ئەوە مورائیە...

پێغەمبەریش کە دەنگەکەی ناسیەوە فەرموی: نەخێر ئەوە عبداللەی زول بیجادەینە.

ڕۆژان بەخێرایی تێدەپەڕین، زول بیجادەین لەشاری مەدینەدا کۆچی دواییکرد. کاتێك لە شۆردن و کفن کردنی بونەوە، تەرمەکەیان هەڵگرت و بەرەو گۆڕستانی بەن، پێغەمبەر فەرموی بەنەرمی و ئەسپاییەوە هەڵیبگرن، چونکە خودا خۆشی دەوێت و ئەویش خوداو پێغەمبەرەکەی خۆشدەوێت..

کاتێکیش قەبرەکەیان هەڵکەند پێغەمبەر فەرموی: با گۆڕەکەی فراوان بێت چوونکە خودا زۆر فراوانە لەگەڵیدا.

---

[٥١] اخرجه البخاری حدیث رقم ٣٧٢٤.

هەندێك لە هاوەڵان کە سەرسام بوبون بەو گرنگیپێدانەی پێغەمبەر بەو هاوەڵ گوتیان: ئەی پێغەمبەری خودا بۆ فلانەکەس زۆر ناڕەحەت و دڵتەنگیت؟!

پێغەمبەریش بە خەم و پەژارەوە گوتی: بەڵێ هەروایە زۆر دڵتەنگم بۆی، چوونکە ئەو خودا و پێغەمبەرەکەی خۆشدەویست[52]....

## سەری من بپێکرێ گرفت نیە بەلام سەری تۆ نابێت تیری بەرکەوێت

لە غەزای ئوحوددا شەڕ گەرم بوو، خەڵکی پێغەمبەریان لەنێوان چنگی و کەڵبەی دووژمنەکانیدا بەتەنیا بەجێهێشت.

ئەبوتەلحە بەرگرییەکی قارەمانانەی لە پێغەمبەر دەکرد، تیرهاوێژێکی لێزان و شارەزا بوو، ئەو ڕۆژە دوو یان سێ کەوانی شکاند.

ئەگەر پیاوێك بەلایدا تێپەڕیایە و جەعبەی تیرەکانی پێبوایە، پێغەمبەر پێی دەگوت: هەڵیانڕێژە بۆ ئەبوتەلحە.

پێغەمبەریش زوو زوو سەری بەرز دەکردەوە و سەیری ناو سوپاکەی دەکرد، ئەبوتەلحەیش لەترسی گیانی پێغەمبەر دەیگوتی: دایکوباوکم بەقوربانت بێت ئەی پێغەمبەری خودا سەر بەرز مەکەرەوە، چونکە خودا نەکردە تیرێکی کافرانت بەردەکەوێت، چونکە ئەگەر سەری من بپێکرێت گرفت نیە بەلام نابێت تۆ بپێکرێیت[53].

***

---

[52] اخرجه ابن ماجة حديث رقم ١٥٥٩ .

[53] اخرجه البخاری حديث رقم ٢٩٠٢ - ٣٨١١ .

# خۆشەویستی خوبەیبی کوڕی عەدی بۆ پێغەمبەر(ص)

کافرەکان خوبەیبی کوڕی عەدیان دەستگیرکردو بە کۆت و زنجیر بەستیانەوە، باندە پڕوپاگەندە چیەکانی قورەیش بە کۆمەڵێك درۆو بوختان وەك باران دەبارینە سەر دڵ و دەرونی، هەموو فێڵ و تەڵەکە و خەڵەتاندنێکیان لەدژی بەکار هێنا، تەنها بۆ ئەوەی بتوانن ئیمان و باوەڕەکەی لاواز بکەن، بەڵام ئەم هاوەڵە هەروەك چیا خۆڕاگرو بەهێزو نەلەخشاو بوو...

کاتێك بەتەواوەتی لێی بێ هیوا بوون و زانیان کە ئامانجەکەیان ناپێکن، هەربۆیە بڕیاریاندا کە بیکوژن..

ئەوەبوو بردیانە دەرەوەی شاری مەککە بۆ شوێنێك بەناوی تەنعیم، بە کۆمەڵێکی زۆر کۆت و زنجیر بەستبویانەوە، ئەوەبوو مۆڵەتی وەرگرت و دوو ڕکات نوێژی کرد، بەشیرینی ئیمان دڵی خۆی فێنك کردەوە.

بەدەنگێکی دڵنیای هێمنەوە گوتی: سوێند بەخودا لەبەر ئەوە نەبوایە کە پێتان وابوو لە مردن دەترسم نوێژەکەم درێژ دەکردەوە!!

بە زەردەخەنەی نزیکبوونەوەی لە خودای خۆی گوتی:

هیچ باکم نییە کاتێك بە موسڵمانی دەکوژرێم

بەسەر هەرلایەکدا گیانم دەربچێت هەر بۆلای خودا دەگەڕێمەوە

ئەمەش تەنها لەبەر خودایە کە ئەگەر بیەوێت دەست و قاچی ئازاردراوو پارچە پارچەکراویش پیرۆز دەکات

ئەختەی شانۆی مردن لەبەردەم خوبەیبدا ئامادەکرا، تەنها بۆ ئەوە بوو ترس بخەن دڵیەوە.

یەکێکیان نزیکی کەوتەوە و پێی گوت: ئەی خوبەیب حەزت دەکرد ئێستە محمد لەشوێنی تۆ بوایە و تۆش بە تەندروستی و لەشساغیەوە لەناو ماڵ و منداڵی خۆتدا بویتایە؟!

دڵی پڕ لە ئیمان و باوەڕو خۆشەویستی خوبەیب بۆ پێغەمبەری خودا ڕاچەنینێکی کرد و بەوپەڕی دڵئارامیەوە و بەوپەڕی هێمنیەوە گوتی: سوێند بەخودا حەزناکەم من بەبێوەی لەناو ماڵ و منداڵ و کەسوکاری خۆمدا بم و پێغەمبەری خودا دڕکێك بچێت بە قاچیدا...

ئەوەبوو بەتوندی هێرشیان کردە سەری و شەهیدیان کرد[٥٤]...

## خۆشەویستی عبداللەی کوڕی ڕەواحە بۆ پێغەمبەر(ص)

بەوپەڕی خۆشکێنی و ئەدەبەوە عبداللەی کوڕی ڕەواحە هات بۆلای پێغەمبەر(ص) کە لەسەر مینبەرەکەی ووتاری بۆ خەڵکی دەخوێندەوە.

گوێی لێبوو کە پێغەمبەری خۆشەویستی بە دەنگە ساف و ناسکەکەیەوە دەڵێت: دانیشن.

عبداللەی کوڕی ڕەواحەیش لەبەر خۆشەویستی و گوێڕایەڵی بۆ پێغەمبەرەکەی لەدەرەوەی مزگەوتەکەدا دانیشت، تاوەکو پێغەمبەر ووتارەکەی تەواو بوو.

ئەمەیان گەیاند بەپێغەمبەر(ص)، پێغەمبەریش ئەم دوعایەی بۆ کرد و فەرموی: خودای گەورە هێندەیتر گوێڕایەڵی خودا و پێغەمبەرەکەی بخاتە دڵ و دەرونتەوە[٥٥].

---

[٥٤] اخرجه البخاری حدیث رقم ٢٨٨٠ – ٣٧٦٧.

[٥٥] الاصابة ب ٣ لا ٣٠٦ .

## درەختەکە شاهێدی بۆ پێغەمبەری خودا دەدات!!

پیاوێکی عەرەبی دەشتەکی هات بۆلای پێغەمبەری خودا(ص)، پێغەمبەریش فەرموی خێرە وا هاتویت؟ ئەتەوێت شایەتمان بهێنیت و بڵێیت اشهد ان لا اله الا الله وان محمدا رسول الله.

پیاوە دەشتەکیەکەیش گوتی: کێ شاهێدی تۆیە لەسەر ئەوەی کە بەڕاستی پێغەمبەری خودایت؟

پێغەمبەریش فەرموی: ئەو درەختە!!

دواتر پێغەمبەر داوای لە درەختەکە کرد کە لەکەناری شیوەکەدا بوو، ئەوەبوو بەفەرمانی خودا بەخێراییەکی زۆرەوە بەڕێکەوت تاوەکو گەیشتە بەردەمی پێغەمبەر(ص) و سێجار بەدەنگی بەرز شایەتمانی هێناو دواتر گەڕایەوە بۆ شوێنەکەی خۆی!!

پیاوە عەرەبە دەشتەکیەکەیش کە بەم موعجیزەیە بەتەواوەتی دەمکوت بوو گوتی: من هۆزێکم هەیە ئەگەر بکەونە شوێنم، ئەوا هەمومان دێین و موسوڵمان دەبین، خۆ ئەگەر نەهاتن ئەوا هەرخۆم دێمەوە و بۆ هەمیشە لە خزمەتدا دەبم[٥٦]...

## خودایا کاتێك تەلحە گەیشتەوە بارەگای تۆ پێبکەنێت بەدەمتەوە...

بە ڕویەکی خۆش و بە دڵێکی فراوانەوە، تەلحە هات و جەستەی خۆی دەلکاند بەجەستەی پێغەمبەرەوە(ص) و لەبەر خۆشەویستی و عەشقی بۆ سەروەر قاچەکانی ماچ دەکرد!

[٥٦] المطالب العالية حديث رقم ٣٨٢٢ . اتحاف الخبرة حديث رقم ٨٧٢١ . مسند ابی يعلى حديث ب ١٠ لا ٣٤ . وقال البصيری هذا باسناد صحيح.

دواتر گوتی ئەی پێغەمبەری خودا: هەرچیت پێخۆشە فەرمانم پێبکە و منیش جێبەجێی دەکەم و نافەرمانیت ناکەم!

پێغەمبەریش بەرسوڕمان و بە سەرسامیەوەو بۆ ئەوەی تاقیبکاتەوە گوتی: بڕۆو باوکت بکوژە! تەلحەیش ڕۆیشت بۆ ئەوەی فەرمانەکەی پێغەمبەر جێبەجێبکات، پێغەمبەر بانگیکردەوە و گوتی: وەرە تەنها تاقیمکردیتەوە چوونکە بۆ ئەوە نەهاتوم کە سیلەی ڕەحم بپچڕێنم.

ڕۆژان تێپەڕین تەلحە کەوتە سەر جێگەو نەخۆش کەوت.

پێغەمبەریش چوبۆلای بۆ ئەوەی هەواڵی بپرسێت دەبیننێت حاڵی باش نیە و لە هۆشی خۆی چووە.

بەدڵتەنگیەوە گوتی: لەوانەیە ئەمشەو تەلحە بمرێت.

دواتر: بە خانەوادەکەی گوت: ئەگەر هۆشی هاتەوە بانگم بکەن.

لەنیوە شەوداو کەمێك پاش ئەوەی پێغەمبەر بڕوات تەلحە بەهۆشی خۆی هاتەوە.

تەلحە بەدەنگێکی کزو لاوازی نەخۆشەوە گوتی: ئایا پێغەمبەر هات بۆلام؟

گوتیان: بەڵێ هات بۆلات، دواتر ئەوەی کە پێغەمبەر فەرموبوی بۆیان گێڕایەوە.

دواتر تەلحە بەدەنگێکی خۆشەویستانەوە گوتی: تکاتان لێدەکەم بەم شەوە مەنێرن بەشوێنیدا چوونکە دەترسم جولەکەکان زیانی پێبگەیەنن یان گیانەوەرێك بیگەزێت، یاخود توشی خراپەیەك ببێت.

پاش ماوەیەك ڕۆحەکەی تەلحە بەرەو لای خودای خۆی گەڕایەوە، کاتێك پێغەمبەری خودا نوێژی بەیانی کرد پرسیاری لەبارەی تەلحەوە کرد، پێیانگوت کە مردووە، هەروەها ئەوەشیان پێگوت کە خۆی نەیهێشتووە بنێرن بەدواتدا چوونکە لەوە ترساوە کە زیانێکت پێبگات.

پێغەمبەر هات بۆ سەر گۆڕەکەی تەلحە و هەردوو دەستی بەرزکردەوە و دەم بەدوعا گوتی: خودایە کاتێك تەلحە گەیشتەوە بەردەم بارەگای تۆ پێبکەنێت بەدەمتەوە[٥٧] ....

## پێغەمبەری خۆشەویست نەخۆش کەوت...

نێرەکانی نەخۆشی پێغەمبەریان پێکاو خستیانە سەرجێگە...

ئەبوبەکری صدیق چوبۆ سەردانی خۆشەویستی خۆی حەزرەتی پێغەمبەر(ص)، کاتێك کە بینی لەسەر جێگەکەی ڕاکشاوە، زۆر خەمباربوو، لەناخەوە هەستی بە ئێشێکی زۆر کرد بۆ ئەو نەخۆشیەی پێغەمبەر(ص).

ئەبوبەکری دڵ بەئازار گەڕایەوە بۆ ماڵی خۆیان، لەسەر جێگەکەی ڕاکشاو زۆر خەمباربوو بۆ پێغەمبەر(ص)، هەربۆیە نەخۆش کەوت، کاتێك پێغەمبەر چاکبویەوە بیستی کە ئەبوبەکریش نەخۆش کەوتووە، هەربۆیە بەخێرایی چووبۆ سەردانی.

کاتێك پێغەمبەری خودا چویە لای صدیقی خۆشەویستی، دەموچاوی ئەبوبەکر گەشایەوەو لەبەر دڵخۆشی بەهاتنی حەزرەت پێکەنین کەوتە سەر لێوەکانی و چاکبوویەوە.

ئەبوبەکری صدیق کاتێك پێغەمبەری بینی چاکبووەتەوە، خۆشی و خۆشەویستی خۆی بەمشێوەیە دەربڕی:

خۆشەویست نەخۆش کەوت و منیش چوم بۆ سەردانی
منیش لەبەر خەمباری بۆ ئەو نەخۆش کەوتم
خۆشەویست چاکبویەوە و سەردانی منی کرد
منیش کاتێك ئەوم بینی شیفام بۆهات و چاکبومەوە[٥٨]

---

[٥٧] الاصابة ب ٢ لا ٢٢٧ . مجمع الزوائد ب ٩ لا ٣٦٨ .

***

## خۆشەویستی ئەبو مەحزورە بۆ پێغەمبەر(ص)

هاوەڵی بەڕێزی پێغەمبەر (ص) ئەبی مەحزورە لەپێشی سەریەوە قژەکانی هێشتبویەوەو درێژ بوبون.

خەڵکیش زۆر سەریان سوڕدەما کە بۆچی ئەم قژانەی بەرداوەتەوە!

پێیانگوت: بۆ ئەو قژانەت نابڕیت و کورتیان ناکەیتەوە؟

بەزمانێکی لێوانلێو لە خۆشەویستی پێغەمبەرەوە گوتی: چۆن دەیان بڕم و کورتیان دەکەمەوە کە پێغەمبەری خودا دەستی لێداون[59]!!

## بەرەکەتی موی پێغەمبەری خودا....

لە یەکێك لە غەزاکاندا سوارچاکی بلیمەت و ئازا خالیدی کوڕی وەلید پەستانی خستبویە سەر دوژمنانەوە، تاوەکو کڵاوەکەی لەناو گۆڕەپانی دوژمناندا کەوتبوویە خوارەوە.

خالیدی کوڕی وەلید لە جاری پێشوو زیاتر پەستانێکی زۆرتری خستە سەر دوژمن و هێرشی یەك لەدوای یەکی بۆ دەکردن، تاوەکو ژمارەیەکی زۆری سەرباز کوژران. هاوەڵانیشی ڕەخنەیان لێگرت و گوتیان: ئەم هەموو کارانە لەبەر کڵاوەکەت دەکەیت؟!

[58] وصايا الرسول ب ٢ لا ٣٩٤ .

[59] الشفا لا ٥٤٠ .

شمشێری هەڵکێشراوی خودا خالیدی کوڕی وەلیدیش گوتی: ئەمەم لەبەر کڵاوەکەم نەکردووە، بەڵکو لەبەر ئەو قژانەی پێغەمبەر کردوومە کە لەناو کڵاوەکەمدا هەڵمگرتون، لەوەترسام کە لێمەوە دوور بن و لەبەرەکەتیان بێبەش بم و بکەونە دەستی دووژمنانەوە ! !

***

## شێرەکە لەبەر خۆشەویستی پێغەمبەر تۆڵە دەکاتەوە...!!

ڕۆژێکیان عوتەیبەی کوڕی ئەبی لەهەب هات بۆلای پێغەمبەری خودا، بەدایکو باوکیدا دەینازی و ئازارێکی زۆری پێغەمبەری دا و کراسەکەی حەزرەتی دڕاند.

پێغەمبەریش فەرموی: خودا سەگێك لە سەگەکانی خۆتی بەسەردا زاڵ بکە.

عوتەیبە لەگەڵ کۆمەڵێك لە خەڵکی قورەیشدا دەرچوو تاوەکو لەشوێنێکی ناوچەی شام بەناوی زەرقا لایاندا، دەرەنگانێکی شەو شێرێك هات و بەناو خەڵکەکەدا دەگەڕا تاوەکو عوتەیبەی بینی، پەلاماریداو کەڵبەکانی بەناو جەستەیدا بردە خوارەوە و کوشتی[٦٠]...

## خودایا تەنها ڕەحم بەمن و محمد(ص) بکە

خۆشەویستی پێغەمبەر هەموو شوێن و دڵەکانی پڕ کردبوو.

ئەوە عەرەبێکی دەشتەکیە لە بیابانەوە هاتووە بۆ ئەوەی لەبەردەمی پێغەمبەردا خۆشەویستی خۆی بەدەستبهێنێت.

[٦٠] السنن الکبری ب ٥ لا ٢١١ .

کاتێك پیاوە دەشتەکیەکە پێغەمبەری بینی بە سروشتە پاك و سەرکەشەکەیەوە بەخێرایی بەرەو ڕوی ڕۆیشت و گوتی: خودایا تەها ڕەحم و بەزەییت بەرامبەر بە من و محمود هەبێت و بۆ کەسیتر نەبێت!!

پێغەمبەریش لایکردەوە بەلایدا و بەهێمنیەوە کە ئەیویست فێری بکات فەرموی: بەڕاستی تۆ ڕەحمەتی فراوان و زۆری خودات تەسك کردەوە[٦١]!!

## منداڵەکە پێغەمبەری خۆشدەوێت!

تاریکی باڵی بەسەر هەموو شاری مەدینە و دەوروبەریدا کێشا. پێغەمبەریش خودای خۆی دەپەرست و سوپاس و ستایشی دەکرد.

منداڵی بچوك عبداللەی کوڕی عەباس چو بۆلای لە مزگەوتدا بە بێدەنگیەوە لەپشتی پێغەمبەرەوە نوێژی دەکرد، پێغەمبەریش بەدەست خستیە تەنیشتی خۆیەوە.

بەلاّم عبداللەی کوڕی عەباسی بچکۆلە گەڕایەوە دواوە و لەپشتی پێغەمبەرەوە وەستا.

کاتێك پێغەمبەر نوێژەکەی تەواو کرد، بە خۆشەویستیەوە بە عبداللەی گوت: باشە بۆچی هەر دەمهێنایتە تەنیشتی خۆمەوە بەلاّم تۆ دەچویتە دواوە؟!

عبداللەی منداڵیش کە زۆر پێغەمبەری خۆشدەویست گوتی: کەس بۆی نیە لەتەنیشت تۆدا نوێژ بکات و تۆیش پێغەمبەری خودا بیت!!

پێغەمبەریش دوعای بەخێری بۆ کرد[٦٢].

***

[٦١] اخرجه الترمذی حدیث رقم ١٤٧ .

[٦٢] شعب الایمان حدیث رقم ١٥٢٣ .

# خۆشەویستی سابیتی کوڕی قەیس بۆ پێغەمبەر(ص)

هەموو سەروەت و سامان و چەك و چۆڵەی سابیت بریتی بوو لە خۆشەویستی پێغەمبەر (ص).

کاتێك ئەم ئایەت و فەرمودەی خودا هاتە خوارەوە بۆ پێغەمبەر (ئەی ئەو کەسانەی کە ئیمان و باوەڕتان هەیە دەنگتان بەسەر دەنگی پێغەمبەردا بەرز مەکەنەوەو لەکاتی ئامادەبوونی ئەودا بەدەنگی بەرز قسە مەکەن هەروەك چۆن هەندێکتان لەگەڵ هەندێکیترتاندا بەوشێوەیە دەکەن، کە بەبێ ئاگایی خۆتان کاروکردارەکانتان بەتاڵ ببنەوە)[٦٢].

سابیتی کوڕی قەیسی کوڕی شەماس لە خۆهەڵکێشانی هۆزی تەمیم زۆر ترسا، ئەم پیاوە کەمێك گوێی گرانبوو، هەربۆیە دەنگی بەرز دەکردەوە، ترسا لەوەی کە کاروکردارە باشەکانی بەتاڵ ببنەوەو خۆشەویستیەکەی بۆ پێغەمبەر هەروا بەزایە بڕوات.

هەربۆیە بەخێرایی چوبۆلای پێغەمبەرو دڵی ترس و خۆشەویستی پێغەمبەری لێ دەچۆڕا، بەدەنگێکەوە کە لەشەوق و خۆشەویستیدا توابوویەوە گوتی:

ئەی پێغەمبەری خودا لەوە ترسام کە بەهیلاکا چوبم و بفەوتێم، خودا قەدەغەی کردووە لەسەرمان کە بەدەنگی بەرز قسە بکەین، بەڵام من پیاوێکم کە زۆر دەنگم بەرزە!

پێغەمبەریش کە شارەزای خۆشەویستی سابیت بو بۆ خۆی فەرموی: ئەی سابیت ئەی حەزناکەیت کە بە سوپاسکراویەوە بژیت و بە شەهیدی بمریت و بچینە بەهەشتەوە؟!

ئەویش گوتی بەڵێ.

---

[٦٢] سورەتی الحجرات ئایەتی ٢ .

ئەوەبوو خۆشەویستیەکەی سابیت سەلمێنراو لە غەزای یەمامەدا شەهید بوو[٦٤]!!

***

## حەقی ئەوە کە بێتە خزمەتی تۆ!

شاری مەککە بەوپەڕی دڵخۆشیەوە دەرگاکانی خستە سەرپشت بۆ پێشوازی لە پێغەمبەر، لەناو کەعبەدا کە هەردەتگوت تۆپەڵەیەکە لە هەیبەت و ویقارو دڵنارامی، ئەبوبەکر دەستی باوکی گرتبوو هێنای بۆلای حەزرەتی پێغەمبەر(ص).

کاتێك پێغەمبەری خودا چاوی پێی کەوت، بە ئەدەب و ڕەوشتە جوانەکەیەوە گوتی: خۆزگایە باوکە پیرەکەت لەماڵەوە بوایە و من بچومایە بۆ خزمەتی ئەو...

ئەبوبەکریش کوتی ئەی پێغەمبەری خودا دەبێت ئەو بێت بۆلای تۆ، نەك تۆ بچیت بۆلای ئەو...

ئەوەبوو لەبەردەمی پێغەمبەردا داینیشاند و دەستیهێنا بەسەر دڵیدا و پێی فەرموو موسوڵمان ببە، ئەویش موسڵمان بوو ئیمانی بەئاینی ئیسلام هێنا[٦٥].

## پێغەمبەر لەماڵ و منداڵ خۆشەویستترە

ڕۆژێکیان پیاوێك هات بۆلای عەلی کوڕی ئەبوتالیب.

بەدڵێکی تێرئاوەوە پێی گوتی: خۆشەویستی ئێوە بۆ پێغەمبەر (ص) چۆن بووە؟!

---

[٦٤] صفة الصفوة ب ٣ لا ١٥ .

[٦٥] السيرة النبوية لابن هشام ب ٤ لا ٥٤ — ٥٥ .

عەلیش بە بیرەوەریەکی تیژەوە گوتی: سوێند بەخودا لە ماڵ و منداڵ و دایکو باوکمان خۆشەویستتر بوو لەلامان. تەنانەت لە ئاوی سازگاریش بۆ کەسی تینو خۆشەویستتر بوو لەلامان[٦٦] !!

## خۆشـەویسـتی هاوەڵان بۆ پێغـەمبـەر(ص)

لەناو شاری مەککەدا عوروەی کوڕی مەسعود دانیشتبو سەرقاڵی گێڕانەوەی چیرۆک و بەسەرهاتی خۆشەویستی هاوەڵان بوو بۆ پێغەمبەر(ص).

گوتی: ئەوانە چ کەسانێك بوون!! سوێند بەخودا من چومەتە لای پاشاکان، چومەتە لای کیسراو قەیصەرو نەجاشی، سوێند بەخودا هیچ پاشایەکم هێندەی پێغەمبەر نەبینیوە کە دارودەستە و شوێنکەوتوانی بەگەورەو بەڕێزی بزانن، بەو ئەندازەیەی کە هاوەڵانی پێغەمبەر خۆشەویستەکەیان بەگەورە دەزانن.

سوێند بەخودا پێغەمبەر تفێکی کردبێت یەکسەر هاوەڵان نەیانهێشتووە بکەوێتە سەر زەوی و کەوتووەتە ناو دەستی یەکێك لە هاوەڵانەوەو هێناویەتی بە دەست و دەموچاوی خۆیدا، ئەگەر فەرمانێکیشی پێ بکردنایە ئەوا پێشبڕکێ بوو لەسەر جێبەجێکردنی فەرمانەکەی، ئەگەر دەستنوێژی بگرتایە خەریکبوو شەڕیان دەکرد لەسەر ئاوی دەستنوێژەکەی، ئەگەر قسەی بکردایە لەبەرامبەریدا بێدەنگ دەبوون، لەبەر ڕێزو گەورەیی ئەو سەروەرە هیچکام لەهاوەڵان ڕاستەوخۆ سەیری نێوچاوانی حەزرەتی پێغەمبەریان نەکردووە[٦٧] !!

---

[٦٦] الشفا لا ٤٩٧ .

[٦٧] اخرجه البخاري حديث رقم ٢٧٣١– ٢٧٣٢ .

## خۆشەویستی عیمرانی کوڕی حەصین بۆ پێغەمبەر(ص)

عیمرانی کوڕی حەصین پێغەمبەری زۆر خۆشدەویست!

ئەوەتا خۆی باسی یەکێك لە شێوە و شێوازەکانی خۆشەویستی خۆیمان بۆ پێغەمبەر بۆ دەگێڕێتەوەو دەڵێت: لەو ڕۆژەوە بەدەستی ڕاستم بەیعەتم بە پێغەمبەری خودا داوە هیچکات نەمهێشتووە بەری شەرمگە و عەورەتم بکەوێت لەبەر ڕێزو خۆشەویستی بۆ پێغەمبەر(ص)[٦٨].

***

## چی ئەو پیاوە بەتەمەنە دەگریەنێت؟

بەهەنگاوانێکی قورسی زۆر سستەوەو بە نەخۆشی مەرگەوە، پێغەمبەری خودا بەرەو دەرگای مزگەوتەکە ڕۆیشت، بەپەڕۆیەك سەری بەسترابوو، قاچەکانی هێزی ئەوەیان نەبوو کە جەستەی هەڵبگرن.

بەشێوەیەکی زۆر بێهێزو لاوازەوە کە ئەندامەکانی جەستەی دەلەرزین هەرجۆرێکبوو چویە سەر مینبەرەکە، بەشێوەیەك دیاربوو کە نیشانەکانی نەخۆشیەکی توندی پێوە دەرکەوتبوون، بەدەنگێکی زۆر کزەوە بەردەوامبوو لە قسەکردن هەروەك بڵێی ماڵئاوایی لەخەڵکی دەکات و دوونیا بەجێدەهێڵێت.

سوپاس و ستایشی خودای کرد و دواتر لەوکاتەی کە فرمێسك بەچاویدا دەهاتنە خوارەوە و چاوی بریبویە هاوەڵانی فەرموی: بەندەیەکی بەتەمەن خودا لەنێوان دوونیاو ئەوەی لەلای خودا هەیە سەرپشکی کردووە کە کامیان هەڵبژێرێت، پیاوەکە ئەوەی لای خودای هەڵبژاردووە.

---

[٦٨] مجمع الزوائد ب ٩ لا ٢٨١ .

ئەبوبەکر بەدەنگێکی ناڵانەوەو لەوکاتەی کە فرمێسک بەسەر کوڵمەکانیدا دەهاتنە خوارەوەو خەڵکی ڕاچڵەکاند هاواریکرد: بەقوربانت بین...دایکوباوکم بەقوربانت بێت...دایکو باوکمان بەقوربانت بێت...

خەڵکی بەسەرسامیەوە چاوەکانیان ئەبلەق بوون و برۆکانیان بەرو ئاسمان بەرز بوونەوە...بەزمانی حاڵ دەیانگوت زۆر سەیرە دەبێت ئەو پیاوە کێ بێت، کە پێغەمبەر دەڵێت خودا لەنێوان دوونیاو ئەوەی لەلای خودا هەیە سەرپشکی کردووە بەڵام ئەم ئەوەی لای خودای هەڵبژاردووە، باشە ئەی بۆچی ئەبوبەکر ناڵەو هاوار دەکات ؟!

بەڵام هەرزو خەڵکەکە لەوە تێگەیشتن کە ئەبوبەکر لە هەموویان باشتر دەزانێت کە ئەو عەبدەی خودا سەرپشکی کردووە لەنێوان دوونیاو ئەوەی لەلای خوداهەیە پێغەمبەری خودایە (ص).

پێغەمبەریش فەرموی: مەگری ئەی ئەبوبەکر...

دووبارە ڕویکردە خەڵکەکە و گوتی: کەسێك نیە لەناو خەڵکیدا هێندەی ئەبوبەکر من لەماڵ و لە نەفسی بێوەیی و بێخەم بم، ئەگەر لەناو خەڵکیدا هاوڕێ و خەلیلێکم هەلبژاردبایە ئەوا ئەبوبەکرم دەکردە هاوڕێی خۆم. بەڵام برایەتی ئیسلامی و خۆشەویستیەکەی وایکردووە کە ئەو دەرگایانەی دەڕواننە ناو مزگەوت بگیرێن بێجگە لەدەرگای ماڵەکەی ئەبوبەکر نەبێت[٦٩].

## پێغەمبەر لەمن گەورەترە

بەویەڕی هێمنی و لەسەرخۆییەوە قوباسی کوڕی ئەشیم لەلای عوسمانی کوڕی عەفان ڕەزای خودایان لێبێت دانیشت.

[٦٩] اخرجه البخاری حدیث رقم ٣٩٠٤ و المشکاة حدیث رقم ٥٩٥٧.

عوسمان گوتی: ئەی قوباس تۆ گەورەتریت یان پێغەمبەری خودا؟

قوباسیش بەدڵێکی پڕ لە خۆشەویستی و ئەدەبەوە بۆ پێغەمبەری خودا گوتی: پێغەمبەری خودا لەمن گەورەترە، بەڵام من پێش ئەو لەدایکبووم[٧٠] !!

## من سەفینەی خزمەتکاری پێغەمبەری خودام

سەفینەی خزمەتکاری پێغەمبەر (ص) سواری بەلەم بوو چویە ناو دەریاوە، ڕەشەبا هەڵیکرد و زریان و شەپۆلەکان دەستیان پێکردو چارۆکە و بەلەمەکەی سەفینە شکاو کەوتە ناو ئاوەکەوە، شەپۆلەکانی دەریا ناوبراویان بەملاو ئەولادا ڕادەکێشا، تاوەکو دەریاکە بردیەوە بۆ کەنار.

لەوکاتەدا کە سەفینە بەهێمنی و لەبەرخۆیەوە دەڕۆیشت، دەبینێت شێرێکی ئەیەوێت پەلاماری بدات و بیکوژێت و بیخوات.

سەفینەیش بەدەنگێکی بەرزی لێوانلێو لەخۆشەویستی بۆ پێغەمبەری خودا هاواری کردو گوتی:

ئەی شێرەکە، من سەفینەی خزمەتکاری پێغەمبەری خودام.

ووشەکانی سەفینە شێرە دڕندەکەی خستە لەرزە و سەری شۆڕ کرد و بویە خزمەتکاری سەفینە و کەوتە پێشیەوە و وەك پاسەوان و ڕێنیشاندەرێکی لێهات بۆ ناوبراو بۆ ئەوەی ڕێگەی نیشانبدات[٧١] !!

---

[٧٠] دجلائل النبوة للبيهقي ب ١ لا ٧٧ .

[٧١] سير اعلام النبلاء ب ٣ لا ١٧٣ .

## بە لەپێشتر زانینی خۆشەویستی پێغەمبەری خودا

ئەمیری ئیمانداران عومەری کوڕی خەتتاب سێ هەزار دیرهەمی دا بە عبداللەی کوڕی، سێ هەزارو پێنج سەد دیرهەمیشی دا بە ئوسامەی کوڕی زەید.

عبداللەی کوڕی عومەر ڕەزای خودا لە هەردوکیان بێت بەباوکی گوت: بۆچی ئەوت خستە پێش منەوە سوێند بەخودا لەهیچ شەڕێکدا لە پێشی منەوە نەبووە!

عومەریش کە دڵی ئاوەدان بوو بە خۆشەویستی پێغەمبەر گوتی: لەبەر ئەوەیە کە زەید لەلای پێغەمبەری خۆدا لەباوکت زۆر خۆشەویستتر بووە، ئوسامەیشی لەتۆ زیاتر خۆشویستووە، هەربۆیە منیش خۆشەویستی پێغەمبەری خودام خستە پێش خۆشەویستی خۆمەوە[٧٢]!!

## پیاوێك پێغەمبەری خۆشدەوێت...

لەسەردەمی پێغەمبەر و لەشاری مەدینەدا پیاوێك هەبوو ناوی عبدالله بوو، قسەی خۆشی بۆ پێغەمبەر دەکرد و دەیخستە پێکەنین.

ڕۆژێکیان ئەم کابرایە ئارەقی خواردبوویەوە، پێغەمبەریش جەڵدی لێدا.

پیاوێك هەستایەوە و گوتی: خودایە نەفرەت و لەعنەتی خۆتی بەسەردا ببارێنیت.

زۆربەی ئەو قسە خۆشانەی کە دەیکردن بەهۆی ئەو ئارەقەوە بووە کە خواردویەتیەوە!

پێغەمبەریش فەرموی: نەفرەتی لێمەکەن هەڵەیەکی کردووە و ئەوەتا سزاکەی وەرگرت، چوونکە من دڵنیام کە خودا و پێغەمبەرەکەی خۆشدەوێت[٧٣].

***

[٧٢] اخرجە الترمذی حدیث رقم ٣٨١٣.

[٧٣] اخرجە البخاری حدیث رقم ٦٧٨٠.

# خۆشەویستی صەفیە بۆ پێغەمبەر(ص)

ئاگری شەڕی ئوحود دامرکایەوە، کوژراوەکان لەناو گۆڕەپانی شەڕەکەدا کەوتبوون، ژنێك هات و بەشوێن براکەیدا دەگەڕا چوونکە هەواڵی کوژرانی بلاوبوبویەوە، بەردەوامبوو لە ڕۆیشتن تاوەکو خەریکبوو کە بچێتە ناو کوژراوەکانەوە، پێغەمبەریش پێیناخۆش بوو کە کوژراوەکان ببینێت.

هەربۆیە فەرمووی: ئەو ژنە... ئەو ژنە...

زوبێری کوڕی عەوام دەڵێت زانیم کە صەفیەی کچی عبدالموتەلیبە.

هەربۆیە بەخێراییەوە چوبۆلای و نەیهێشت بەتەواوەتی بچێتە ناو کوژراوەکانەوە، بەلام هەر ملی دەنا، منیش بەتوندی پاڵێکم پێوەناو گوتم بگەڕێرەوە، بەلام ژنێکی زۆر بەهێز بوو نەگەڕایەوە و گوتی وازم لێبهێنە، هەربۆیە بەخێراییەوە چوویە ناو کوژراوەکانەوە.

زوبێریش پێی گوت: پێغەمبەر فەرمانیکردووە تۆ نابێت بچیتە ناو کوژراوەکانەوە.

بەم قسەیە زوبێر خۆشەویستی نوستوی لەناو دڵی خاتو صەفیەی کچی عبدالموتەلیبی بێدارکردەوە کە خەم و پەژارە نەیاندەتوانی زاڵبن بەسەریدا.

هەربۆیە هەردوو قاچی خۆی بەستەوە و جوولەی لێبڕاو نەیتوانی یەك هەنگاویتر بڕوات، ئەوەبوو وەستاو دووکراسی پێبوو هەردوکیانی دەرهێنا.

گوتی: ئەم دوو کراسەم بۆ حەمزەی برام هێناوە، چوونکی بیستومە کوژراوە.

ئەوەبوو خاتو صەفیە بەدڵێکی پڕ لە خۆشەویستی پێغەمبەری خودا و ڕازیبوون بە قەدەری ئیلاهیەوە گەڕایەوە[٧٤].

***

## لەنێوان عومەرو عەباسدا ڕەزای خودایان لێبێت

بەوپەڕی ئەدەب و ڕێزەوە عومەری کوڕی خەتتاب لەلای عەباسی کوڕی عبدالموتەلیبی مامی پێغەمبەر(ص) دانیشت، بەو پەڕی خۆشەویستیەوە پێی گوت: تۆ سەلامەت و تەندروست باش بیت لەلام زۆر خۆشەویستترە کە خەتتابی باوکم سەلامەت بێت، چوونکە دەزانم پێغەمبەری خودا ئەوەی پێ خۆشبووە[٧٥]!

## عبداللەی کوڕی عومەرو خۆشەویستیەکەی بۆ پێغەمبەر(ص)

بەدەنگێکی خۆشەویستانەوە عبداللەی کوڕی عومەر حەدیسەکانی پێغەمبەری خودای بۆ خەڵکی دەگێڕایەوە.

گوتی: پێغەمبەری خودا فەرمویەتی: ڕێگە لەژنان مەگرن کە شەوانە بێن بۆ مزگەوتەکان[٧٦].

بەڵام بیلالی کوڕی هەستایەوەو گوتی: مەهێڵن ژنەکانتان بەشەودا بێنە دەرەوە، چوونکە هەندێك لەپیاوە چەپەڵ و داوێن پیسەکانی بۆسەیان بۆ دادەنێن و ئازاریان دەدەن.

---

[٧٤] اخرجه الحاكم ب ٣ لا ٥١٩ .

[٧٥] مجمع الزوائد للهيثمي ب ٩ لا ٢٦٨ .

[٧٦] اخرجه مسلم حديث رقم ٤٤٢ .

عبداللەی کوڕی عومەری باوکیشی هەستایەوە و مستەکۆڵەیەکی دابەسەر سنگیدا و گوتی: من دەڵێم: پێغەمبەری خودا فەرموی ڕێگە لەژنان مەگرن شەوانە بێن بۆ مزگەوتەکان... بەڵام تۆ دەڵێی مەهێڵن بێنە دەرەوە!!

دواتر ئەو ناوەی بەجێهێشت، لەوە بەدواوە لەبەر خۆشەویستی پێغەمبەرو فەرمودەکانی قسە لەگەڵ بیلالی کوڕیدا نەکرد، تاوەکو مرد، کاتێکیش مرد، لەگەڵ تەرمی کوڕەکەیدا نەچوو بۆ سەر گۆڕستان!!

## خۆشەویستی ئوم ئەیمەن

پێغەمبەری خودا گەڕایەوە بۆلای خودای خۆی... هەوری ڕەشی خەم و دڵتەنگیە ئاسمانیان تەنی، هەموو دەموچاوەکان بۆ کۆچی دوایی پێغەمبەری نازدار خەم و پەژارەیەکی زۆرو لەڕادەبەدەر دایگرتن.

ئەبوبەکری صدیقیش بەو هەموو خەم وپەژارەیەی کە بەهۆی لەدەستدانی پێغەمبەرەوە هەیبوو، بەدەنگێکی کزەوە بە عومەری کوڕی خەتتابی گوت: وەرە بابچین بۆلای ئوم ئەیمەن، هەروەك چۆن پێغەمبەری خودا هەمیشە سەردانی دەکرد!

هەردوو هاوڕێ چون بۆلای ئوم ئەیمەن، کاتێك ئەوانی بینی پێغەمبەری خۆشەویستی وەبیرهاتەوە، ئەوەبوو دەستیکردە گریان و فرمێسکەکانی بەسەر کوڵەکانیدا هاتنە خوارەوەو هاواری شین و گریانی لێبەرز بوویەوە.

ئەمانیش گوتیان: ئەوە بۆچی دەگریت؟ ئەی نازانیت ئەوەی لەلای خودا بۆ پێغەمبەر ئامادەکراوە لەوەی ئەم دوونیایە زۆر باشترو بەنرخترە؟!

ئەویش بە کۆمەڵێك وشەوە وەلامیدایەوە کە خۆشەویستیان لێ دەچۆڕاو گوتی: من لەبەر ئەوە ناگریم کە نەزانم ئەوەی لەلای خودا بۆ پێغەمبەر ئامادەکراوە

باشترە لەوەی دوونیا، بەلاّم لەبەر ئەوە دەگریم کە ئیتر وەحی خودایی نایەت بۆ سەرزەوی.

ئەم ووشانەی ئوم ئەیمەن دڵی هەردوو هاوەڵی پێغەمبەری خستە جۆش و خرۆش و هەردوکیان لەگەڵ خاتونی ناوبراودا بۆ کۆچی دوایی حەزرەتی پێغەمبەر(ص) دەستیان کردە گریان[٧٧].

***

## پیرەژنەکە و خۆشەویستی پێغەمبەر(ص)

لەناو کوخێکی بچوکدا کە دەکەوێتە سەرەوەی شاری مەدینە، ڕوناکیەك دەبینرا کە بەلاوازیەوە ئەیویست تاریکاییەکە بشکێنێت.

عومەری کوڕی خەتتابیش لە کوخەکە نزیکبوویەوە دەبینێت ژنێکی پیر بەجلێکی ڕەشەوە لەبەردەم دەرگاکەدا دانیشتووە رووناکی چراکە نەیتوانیوە تاریکی جلەکانی دابپۆشێت و بەوپەڕی خەمو پەژارەوە دەیگوت:

سلاّوی چاکەکاران لەسەر پێغەمبەر بێت

سلاّوی پیاوچاکانی لەسەر بێت

من شەوتاوەکو بەیانی بەخەبەرم

ئەی خۆزگایە ئاواتەکەم وەدی بهاتبایە

بمتوانیایە لەگەڵ محمدی خۆشەویستمدا لەم ماڵەدا کۆببمەوە!

ئەم ووشانە دڵی خەلیفە عومەری کوڕی خەتتابیان هێنایە لەرزە و کەوتەوە بیری ڕۆژانی ڕابوردوو، هەربۆیە دەستیکردە گریان و فرمێسك بەچاوەکانیدا هاتە خوارەوە و لەدەرگای دا و کابرایش گوتی: ئەوە کێیە؟

[٧٧] مشكاة المصابيح ب ٣ حديث رقم ٥٩٦٧.

ئەویش بەدەم گریانەوە گوتی: عومەری کوڕی خەتتابە.

پیرە ژنەکەیش گوتی: عومەری کوڕی خەتتابم بۆچیە؟ باشە عومەر لەمکاتەی شەودا بۆچی هاتووە؟

عومەریش بەدەنگێکی گریانەوە گوتی: بیکەرەوە ڕەحمەتی خودات لێبێت زیانت پێناگەیەنم، ئەویش کردیەوە و چویە ژورەوە.

عومەریش گوتی: ئەو ووشانە دووبارە بکەرەوە کە ئێستە گوتت.

ئەوەبو پیرە ژنەکەیش ئەو شیعرەی کە سەبارەت بە پێغەمبەر گوتی دووبارەی کردەوە. عومەریش کە دڵ و درونی لەخۆشەویستی و شەوقیدا بۆ پێغەمبەر دەسوتاو بەچاوەکانیدا فرمێسک دەهاتنە خوارەوە گوتی: داوات لێدەکەم کە مۆڵەتم بدەن لەلاتان بمێنمەوە.

پیرە ژنە پەککەوتەکەیش کە بەناو باخچەی خۆشەویستی پێغەمبەردا سەرگەردان بوبو گوتی: خودایا لە عومەر خۆش بە، دواتر عومەر هەستاو ڕۆیشت[٧٨].

## بەیانی دەگەم بە خۆشەویستانم..

لەپاش ململانێیەکی زۆر لەگەڵ ئازارو ناڕەحەتیەکانی ژیاندا هێندەیتر لەڕووی ئیمان و باوەڕەوە بەهێز بوو.

هاوەڵی بەڕێزو بانگبێژی پێغەمبەری خودا بیلالی حەبەشی کەوتە سەر جێگەی مەرگ.

کاتژمێرەکانی کۆتایی تەمەنی هەروەك ڕەشەبا بەخێرایی تێدەپەڕین، چاوەکانی داخست و بەناو مەستی بیرەوەرییەکانیدا ڕۆچوو.

[٧٨] الزهد لابن المبارك لا ٣٦٢- ٣٦٣ . منتخب كنزالعمال ب ٤ لا ٣٨١ .

ژنەکەی کە زۆر ترسی لە مێردەکەی هەبوو هاواری کرد: ئەی هاوار بەمالم ئای خەمبارخۆم...

بیلالیش بەدەنگێکی زۆر کزەوە گوتی: ئای خۆشبەختی بۆ خۆم سبەینێ دەگەم بە خۆشەویستانم، سبەینێ دەگەم بە پێغەمبەرو یارانی[٧٩].

## ئەنەسی کوڕی مالیك و ئارەقی پێغەمبەر(ص)

ئوم سولەیمی خێزانی پێغەمبەر قەنیلەیەکی بچوکی هەبوو کە ئارەقی پێغەمبەری تێدا کۆ دەکردەوە.

کاتێك ئەنەسی کوڕی مالیکی خۆشەویستی پێغەمبەری کوڕو خزمەتکاری نەخۆش کەوت، وەسیەتی کرد کە کەمێك لەئارەقی پێغەمبەری خودا کە لەناو قەنیلەکەدا بوو بیخەنە ناو کفنەکەیەوە.

ئەوەبوو کاتێك مرد وەسیەتەکەیان بەجێگەیاند[٨٠].

## ژنێك لەلای گۆڕەکەی پێغەمبەردا دەگری

ژنێك کە ویژدانی و هەست و نەستەکانی لێوانلێو بوون لەخۆشەویستی پێغەمبەری نازدار هات بۆلای دایکی ئیمانداران خاتو عائیشە ڕەزای خودای لێبێت.

بەزمانێکی پڕ بەخۆشەویستیەوە گوتی: گۆڕەکەی پێغەمبەرم بۆ دەربخە.

خاتو عائیشەیش پەردەکەی لاداو گۆڕەکەی نیشاندا.

[٧٩] الشفا لا ٤٩٨ .

[٨٠] اخرجه البخاری حدیث رقم ٦٢٨١ .

ژنەکەیش کە خۆشەویستی پێغەمبەر بڕستی لەبەر گیان و دڵ و دەروونی بڕیبوو زۆر بێزاری کۆچی دوایی ئەو حەزرەتە بوو، دەستیکردە گریان و لەوێدا هەڵنەستایەوە تاوەکو دیقیکرد و کۆچی دواییکرد[٨١]!!

## سڵاوی من بگەیەنە بە پێغەمبەری خودا

یەزیدی کوڕی ئەبوسەعیدی موتەهەری خۆی کۆکردەوە و بەرەو شاری مەدینە بەڕێکەوت، پێش ئەوەی بڕوات چوبۆلای خۆشەویستی پێغەمبەری خودا عومەری کوڕی عبدالعزیز .

کاتێك خوداحافیزی لێکرد، عومەری کوڕی عبدالعزیز گوتی:

پێویستیەکم هەیە بۆمی جێبەجێ دەکەیت؟

یەزیدیش گوتی: چییە فەرمو بیڵێ.

عومەری کوڕی عبدالعزیزیش کە دڵی پڕبوو لە خۆشەویستی پێغەمبەری خودا گوتی: ئەگەر چویتە شاری مەدینە بەدڵنیاییەوە دەچیتە سەر گۆڕی پیرۆزی پێغەمبەر(ص) لەبری من سڵاویکی لەو سەروەرە بکە[٨٢]...

## خۆشەویستی ئەوەی کە پێغەمبەر خۆشی ویستووە...

بەوپەڕی ملکەچی و فەرمانبەرداری خوداوە، عومەری کوڕی خەتتاب تەوافی دەوری بەیتی کرد، کاتێك گەیشتە شوێنی بەردە ڕەشەکە، خۆشەویستی پێغەمبەر لەچاوەکانیدا پێش زمانی دەرکەوت و ئاشکرا بوو:

---

٨١

٨٢ الشفا ٥٨٥ .

سوێند بەخودا تۆ بەردێکیت کە هیچ سود و قازانجێکت نیە، ئەگەر پێغەمبەری خودام نەبینیایە کە ماچت دەکات هەرگیز ماچم نەدەکردیت!

دواتر چەمایەوە و بەردەکەی ماچ کرد[٨٣]...

## خۆشەویستی ئەبوئەیوبی سەختیانی بۆ پێغەمبەر(ص)

ڕۆژێکیان لەبارەی ئەبوئەیوبی سەختیانیەوە پرسیاریان لە ئیمامی مالیك ئیمام و پێشەوای ماڵی کۆچ (مەدینە) کرد.

ئیمام مالیکیش کە زۆر ڕێزو قەدری دەگرت گوتی: من باسی هەرکەسێکم بۆ کردبن دڵنیابن کە ئەبوئەیوب لەو باشتر بووە.

دواتر ئیمام مالیك گوتی: ئەبوئەیوب دووجاری حەجی کردووە، لەپاڵیدا بووم و گوێم بۆگرتووەو هیچی نەگوتووە، بەڵام هەرکاتێك ناوی پێغەمبەر بهێنرایە هێندە دەگریا تاوەکو بەزەییم پێیدا دەهاتەوە.

کاتێك ئەوەم لەو پیاوەدا بینی کە بینیم، سەبارەت بە خۆشەویستی ناوبراو بۆ پێغەمبەر، دەستم کردە نوسین سەبارەت بەژیان و کارو کردارەکانی[٨٤]....

***

## تاڵە مووەکەی پێغەمبەرم لە هەموو دوونیا خۆشتر دەوێت

ڕۆژی قوربانی خەڵکی لەدەوری پێغەمبەر کۆبونەوە، ئەویش سەری دەتاشی، هەموو مووەکانیان کۆکردەوە، ئەبوتەلحە کۆمەڵێکی زۆر لە قژی پێغەمبەری سەروەری مرۆڤایەتی کۆکردەوە.

---

[٨٣] الشفا لا ٤٨٧ .

[٨٤] الشفا لا ٥٢١ .

خۆشەویستی و عاشقی شوێنەوارەکانی پێغەمبەر محمدی کوڕی سیرین کە ئەم حەدیسە لە ئەنەسەوە دەگێڕێتەوە دەڵێت: یەك تاڵە موی پێغەمبەرم هەبێت لەدوونیاو ئەوەی کە تێیدایە لەلام خۆشەویست ترە[85]!!

## خۆشەویستی محمدی کوڕی مونکەدیر بۆ پێغەمبەر(ص)

موحەمەدی کوڕی مونکەدیر لە قوتابخانەیەکدا دەرچوو کە بەرنامە و پرۆگرامەکەی خۆشەویستی پێغەمبەری خودا بوو. ئەو پیاوە دڵ تێرئاوو ئیمان و باوەڕ بەهێز و یەکێك لە مامۆستاکانی وەرع و لەخۆ بوردن بوو، فرمێسکەکانی لەناوچاوەکانیدا قەتیس نەدەمان.

دڵ و ئەندامەکانی جەستەی پڕبوبون لە خۆشەویستی پێغەمبەر(ص)، کاتێك دەهاتە ناو مزگەوتەی پێغەمبەرەوە لەسەر خۆڵەکەی پاڵدەکەوت.

پێیانگوت: بۆچی ئەمکارە دەکەیت؟

گوتی: من پێغەمبەرم لەم شوێنەدا بینیوە، ئیتر چۆن ئەمە ناکەم[86]؟!

***

---

[85] شعب الایمان للبیهقی ۱۵۳۲ .

[86] سیر اعلام النبلاء ب ٥ لا ۳٥۹ .

## خۆشەویستی ئیمام جەعفەری صادیق بۆ پێغەمبەر(ص)

ئیمامی مالیك باسی خۆشەویستی ئیمام جەعفەری صادیق بۆ پێغەمبەرو ڕێزگرتنی ناوبراو لەحەدیسەکانی ئەو سەروەرەمان بۆ دەکات و دەڵێت:

من ئیمام جەعفەری صادیقم دەبینی کە زۆر قسە خۆش و سوعبەت چی بوو، بەڵام کاتێك باسی پێغەمبەری لەلا بکرایە یەکسەر ڕەنگی زەرد دەبوو، هیچکاتێك بەبێ دەستنوێژ باسی پێغەمبەری خودای نەکردووە[87]!!

## لەبارەی حەدیسێکەوە پرسیارم لێدەکەیت و ئێمە بەڕێگەدا دەڕۆین؟!

لەشاری مەدینەی مونەوەرەدا عبدالرەحمانی کوڕی مەهدی شانبەشانی شەیخ و مامۆستای خۆی ئیمامی مالیك پیاسەیان دەکرد، تاوەکو گەیشتنە شیوی عەقیق کە بەناوبانگترین دۆڵی مەدینەیە.

عبدالرەحمانی کوڕی مەهدی لەبارەی یەکێك لە حەدیسەکانی پێغەمبەری خوداوە پرسیاری لە ئیمام مالیکی مامۆستای کرد.

ئیمامی مالیکیش سەیرێکی عبدالرەحمانی کوڕی مەهدی کرد و گوتی:

تۆ لەلای من زۆر لەوە بەڕێزتری کە بەدەم ڕۆیشتنەوە سەبارەت بە حەدیسەکانی پێغەمبەر پرسیارم لێبکەیت!!

---

٨٧ الشفا لا ٥٢١.

هەربۆیە خۆشەویستی ئیمامی مالیك بۆ پێغەمبەر بوویە هۆی ئەوەی کە بەدەم ڕێگاوە وەك ڕێزو خۆشەویستیەك بۆ حەزرەتی پێغەمبەر حەدیسی ئەو سەروەرە نەگێڕێتەوە[88]!

## ئیمامی مالیك و حەدیسی پێغەمبەری خودا(ص)

ئیمامی مالیك ئەگەر بیویستایە حەدیسێکی پێغەمبەری خودا بۆ خەڵکی بگێڕێتەوە، دەستنوێژی دەگرت و لەسەر جێگەکەی دادەنیشت و ڕیشی شانە دەکرد و بەوپەڕی ویقارو هەیبەتەوە دادەنیشت و ئەوکات دەستیدەکرد بە گێڕانەوەی حەدیسەکانی پێغەمبەری خودا(ص).

کاتێك لەوبارەیەوە پرسیاری لێکرا، گوتی: پێمخۆشە پێغەمبەری خودا بە گەورە بگرم.

ڕۆژێکیان هارونە ڕەشید هات بۆلای ئیمام مالیك بۆ ئەوەی دڵ و دەروونی بە بیستنی حەدیسەکانی پێغەمبەر ڕووناك بکاتەوە، هارونە ڕەشید مۆڵەتی هاتنە ژورەوەی لە ئیمام مالیك خواست، سەرەتا مۆڵەتی نەدا، بەڵام دواتر بانگیکردە ژورەوە.

کاتێك هارون ڕەشید چویە لای ئیمام مالیك گوتی: ئەی باوکی عبدالله لەبەردەم دەرگاکەتدا ڕاتگرتین؟!

ئەویش گوتی: ئەی ئەمیری ئیمانداران سوێند بەخودا تەنها لەبەر ئەوەبود دەستنوێژێك بگرم، چوونکە من دەمزانی تۆ تەنها بۆ گوێگرتن لە حەدیسەکانی پێغەمبەر دێیت بۆلای من، هەربۆیە حەزم کرد کە خۆم ئامادە بکەم[89].

***

---

[88] الشفا ٥٢٨ .

[89] الشفا ٥٢٥ . ترتيب المدارك ب ١ لا ١٤٦-١٥٦ .

## خۆشەویستی عەمری کوڕی لەیس بۆ پێغەمبەر(ص)

پاڵەوانی ئازاو بەجەرگ پاشای موزەفەر عەمری کوڕی لەیسی پاشای خۆراسان کە یەکێکبوو لە پاشا بلیمەتەکان و دڵ و دەرونی پڕ بوو لە خۆشەویستی پێغەمبەر(ص).

لەپاش مردنی پیاوێك خەوی پێوە بینی بوو پرسیاری لێکردبوو حاڵت چۆنە و خودا چی لێکردویت؟

ئەویش گوتبوی: خودا لێمخۆش بوو.

لێیان پرسی بوو بەهۆی چیەوە؟

گوتی: ڕۆژێکیان چومە سەرشاخێك و هەموو سەربازەکانی خۆمم بینی و زۆر سەرسام بووم بە زۆری ژمارەیان، ئاواتی ئەوەم خواست کە خۆزگایە لەسەردەمی پێغەمبەردا بومایەو بەم هەموو سەربازەوە پشتگیریم لە حەزرەتی پێغەمبەر بکردایە، خوداش ئەمەی بەخێر بۆنوسیم و لێمخۆش بوو[90]!

## دەنگتان بەسەر دەنگی پێغەمبەردا بەرز مەکەنەوە

بەوپەڕی هێمنی ئارامی و ئەدەبەوە حەمادی کوڕی یەزید دانیشت و حەدیسەکانی پێغەمبەری دەگێڕایەوە، لەوکاتەدا پیاوێك قسەی کرد و زۆر دەنگی بەرز کردەوە.

حەمادیش زۆر توڕە بوو ڕویکردە ئەو پیاوەی کە دەنگەکەی بەرز کردبویەوە و پێی گوت: خودای گەورە لە قورئاندا دەفەرمێت (ئەی ئەو کەسانەی کە ئیمان و باوەڕتان هێناوە، دەنگ بەسەر دەنگی پێغەمبەردا بەرز مەکەنەوە)[91]

منیش دەڵێم پێغەمبەر دەفەرمێت، بەڵام تۆ قسە دەکەیت[92]؟!

---

[90] الشفا لا ٥١١ .

[91] سورەتی الحُجُرات ئایەتی ٢ .

# ئەدەبی ئیمام مالیك لەگەڵ حەدیسەكانی پێغەمبەردا(ص)

ڕۆژێكیان ئیمام مالیك دایبەلای ئەبو حازیمدا كە حەدیسی پێغەمبەری خودای دەگێڕایەوە، بەلایدا تێپەڕی و گوێی بۆ حەدیسەكان نەگرت!

پرسیاریان لێكرد كە هۆكارەكەی چی بووە كە نەوەستاوە و گوێی بۆ حازیم نەگرتووە كە حەدیسی پێغەمبەری گێڕاوەتەوە؟

ئەویش بەوپەڕی ڕێزو خۆشەویستیەوە بۆ فەرمودەكانی پێغەمبەر گوتی: من شوێنێكم نەبوو كە تێیدا دانیشم، هەربۆیە پێمخۆش نەبوو كە بەپێوە بوەستم و گوێ لە حەدیسی پێغەمبەر بگرم[٩٢]!

## خۆشەویستی خالیدی كوڕی مەعدان بۆ پێغەمبەر(ص)

لەناو سەرمەستی خۆشەویستی و یادەوەرییەكاندا، عەبدەی كچی خالیدی كوڕی مەعدانی خودا پەرست دانیشت و باسی بەشێك لە خۆشەویستی باوكی بۆ پێغەمبەر دەگێڕایەوە و گوتی:

خالیدی كوڕی مەعدان پێش ئەوەی بچێتە سەرجێگا دەبوایە باسێكی خۆشەویستی و عەودالّی خۆی سەبارەت پێغەمبەرو هاوەڵانی لە كۆچەری و ئەنصارەكان بكات ناوی دەبردن و دەیگوت:

ئەوانە ئەصلّ و فەصلّ بوون، دلّم هەر ئەوانی خۆش دەوێت، شەوق و خۆشەویستیەكی زۆرم بۆیان هەیە، ئەی خودایە زو بمبەرەوە بۆلای خۆت بۆ ئەوەی بەدیداریان شاد ببم.

---

[٩٢] شعب الایمان للبیهقی حدیث رقم ١٥٤٦ .

[٩٣] الشفا لا ٥٢٤ .

بەردەوام لەسەر جێگەکەیدا ئەمەی دەگوتەوە تاوەکو خەوی لیدەکەوت[٩٤]!!

## خۆشەویستی ئەحمەدی کوڕی فەزولیە بۆ پێغەمبەر (ص)

ئەحمەدی کوڕی فەزلیە یەکێکبوو لە پیاوە خوداپەرست و زاهیدەکان، کە دڵ و دەرونیان لە خۆشەویستی حەزرەتی پێغەمبەردا توابویەوە.

ئەم پیاوە تیرهاوێژێکی غەزاکار بوو، کەوانێکی لەلا بوو کە دەستی لێ نەدەدا مەگەر بە دەستنوێژەوە نەبێت.

دەیگوت: لەوکاتەی کە بیستومە کە پێغەمبەر(ص) دەستی بەری ئەم کەوانە کەوتووە، دەستم لەم کەوانە نەداوە مەگەر بەدەستنوێژەوە نەبێت[٩٥].

## موژدە بدە خودا لێت خۆشبوو!

ڕۆژێکیان ئیمام ئەحمەدی کوڕی حەنبەل لەگەڵ کۆمەڵێک لە هاوڕێیانیدا چوویە دەرەوە. هەربۆیە ویستیان بچنە ناو ئاوەوە و مەلە بکەن، جلەکانیان لابرد و خۆیان ڕووتکردەوە.

بەڵام ئیمام ئەحمەد کە خۆشەویستی پێغەمبەر هێلانەی لەسەر دڵی دروستکردبوو سوننەتی ئەو سەروەرەی جێبەجێ دەکرد، جلەکانی دانەکەند تاوەکو شەرمگە و عەورەتی دەربکەوێت، هەربۆیە بیری ئەو فەرمودەی پێغەمبەری کەوتەوە کە

---

[٩٤] حلیة الاولیاء ب ٥ لا ٢١٠. سیر اعلام النبلاء ب ٤ لا ٥٣٩.

[٩٥] الشفا لا ٥٤١.

دەفەرمێت: ئەوە باوەڕی بەخودا و بەڕۆژی دوایی هەیە ناچێتە ناو حەمامەوە مەگەر بە ژێر بیجامەوە نەبێت[٩٦].

کاتێك شەوداهات و ئیمام چوو بۆ ئەوەی بخەوێت، لەخەویدا بینی کە کەسێك پێی دەڵێت: ئەی ئەحمەد!! موژدە بدە خودا لێت خۆشبوو لەبەر ئەوەی کە سوننەتی پێغەمبەرت جێبەجێکرد و تۆی کردە ئیمام و پێشەوا کە خەڵکی شوێنت بکەون.

ئیمام ئەحمەدیش بەخاوەنی دەنگەکەی گوتبوو: تۆ کێیت؟

ئەویش گوتبووی: من جوبرەئیلم[٩٧].

## ئیمام ئەحمەد و تاڵە مووەکانی پێغەمبەر(ص)

لەناو قەفەسی میحنەت و لەپشتی میلەکانی زیندانەوە، ئیمام و پێشەوای دوونیا ئیمام ئەحمەدی کوڕی حەنبەل بە دەرونێکی بێدەنگ و ئیرادەیەکی بەهێزو ئیمانێکی نەلەخشاوەوە دانیشتبوو، هەندێك لە منداڵەکانی فەزڵی کوڕی ڕەبیع چون بۆلای و سێ تاڵە موو لە قژی پێغەمبەریان پێداوو پێیانگوت:

ئەمانە موی پێغەمبەرن.

ئیمام ئەحمەدیش وەریگرتن و زۆر دڵیخۆشبوو پێیان، بەردەوام سودی لەفەڕو بەرەکەتیان وەردەگرت، کاتێك کەوتە سەرجێگەی مەرگ، وەسیەتی بۆ کوڕەکەی کرد و پێی گوت کوڕی شیرینم ئەگەر مردم تاڵەمویەکیان بخەرە سەر چاوی ڕاستم و ئەویشیان بۆسەر چاوی چەپم و سێیەمیشیان بخەرە سەرزمانم.

---

[٩٦] اخرجە الترمذي حديث رقم ٢٨٠٢ .

[٩٧] صفة الصفوة ب ٢ لا ١٥٧ .

کاتێك گیانی پاکی سپاردو ڕۆحی پاکی لەجەستەی جیابوویەوە، عبداللەی کوڕی وەسیەتەکەی جێبەجێکرد و هەرچاوێکی مویەکی لەسەر داناو تاڵەمویەکیش خستە سەر زمانیەوە.

هەروەك چۆن بڵێی ئەیوسیت کە بە بەنرخترین شت کە هەیەتی چاوەکانی لێکبنێت و دوونیا بەجێبهێڵێت، ئەویش خۆشویستنی شتێکە لە پێغەمبەر ئەگەرچی چەند تاڵەمویەکی حەزرەتی پێغەمبەریش بن[٩٨] !

***

## خۆشەویستی ئەحمەدی کوڕی مەنصور بۆ پێغەمبەر(ص)

زمانی ئەحمەدی کوڕی مەنصور هەمیشە تەڕو پاراو بوو بە ناردنی درودو سلاّو بۆ سەر پێغەمبەر(ص).

کاتێك کۆچی دواییکرد و فریشتەکان ڕۆحە پاکەکەیان بەرەو لای خودای خۆی بردەوە، حوسەینی کوڕی ئەحمەدی شیرازی لەخەویدا بینیبوی کە لەناو میحرابەکەی مزگەوتی شیرازدا وەستاوە و جلێکی جوانی لەبەردایەو تاجێکی دروستکراو لە زێڕو زیویشی بەسەرەوەیە.

حوسەین پێی گوتووە: خودا چی لێکردویت؟

ئەحمەدی کوڕی مەنصوریش گوتویەتی: لێمخۆشبووە و ڕێزی لێگرتوم.

حوسەینیش گوتویەتی بەچی؟

ئەحمەدیش گوتویەتی: لەبەر ناردنی درود و سەلاّواتی زۆر بۆ سەر پێغەمبەر(ص)[٩٩].

[٩٨] سیر اعلام النبلاء ب ١١ لا ٣٣٧ .

## ئایا دەستت بەر پێغەمبەری خودا کەوتووە؟

ڕۆژێکیان سابیت لەلای ئەنەسی کوڕی مالیك دانیشتبوو.

گوتی: ئەی ئەبو حەمزە ئایا دەستت بەر پێغەمبەری خودا کەوتووە؟

گوتی: بەڵێ.

ئەویش گوتی: ئادەی دەستت بێنەرە پێشەوە.

ئەنەسیش دەستی بردە پێشەوە بۆ بەردەمی و سابیتیش لەبەر خۆشەویستی پێغەمبەر زۆر بەتاسەوە ماچی دەکرد[100].

## خۆشەویستی و ئەدەب

ئیمامی مالیك خودای لێ ڕازی بێت لەناو باخچەی خۆشەویستی پێغەمبەری خودا دەژیا، لە سەختی و ناڕەحەتیەکاندا خۆشەویستی پێغەمبەری کردبوویە پەناگە و لانکەی ئارامی و باخچەی بەختەوەری بۆ خۆی کە هەموو شتێکی لەپێناویدا بەخشیبوو.

خۆشەویستی پێغەمبەر وایلێکردبوو کە لەهەموو تەمەنیدا بەهیچ شێوەیەك سواری ووڵاخ نەبێت، خەڵکیش زۆر سەریان لە ئیمامی مالیك سوڕدەما، کە بەپێی دەڕۆیشت و سواری ووڵاخ نەدەبوو، هەربۆیە بەخێرایی چون بۆلای و لەوبارەیەوە پرسیاریان لێکرد:

ئەی ئیمام بۆچی لەشارو مەدینەکەی پێغەمبەری خوادا سواری ووڵاخ نابیت؟!

---

[99] سیر اعلام النبلاء ب ١٥ لا ٤٧٣ .

[100] المطالب العالية حديث رقم ٢٧٢٥ .

ئەویش بەزمانێکەوە کە خۆشەویستی پێغەمبەری خودای لێدەچۆڕا گوتی: من شەرم دەمگرێت کە بەپێی وولآخێك بچم بەسەر ئەو خاکەدا کە پێغەمبەری خودا بە پێیەکانی خۆی و بە سمی وولآخەکەی بەسەریدا ڕۆشتووە[١٠١].

***

## خۆشەویستی ئیمام ئەحمەد بۆ پێغەمبەر(ص)

ئیمام ئەحمەد هێندە پێغەمبەری خۆشدەویست کە دڵ و دەروون و هەموو ئەندامەکانی جەستەی داگیر کردبوو، خۆشەویستی پێغەمبەری کردبویە توێشوی قیامەتی خۆی، هەر ڕێگەیەك کە بیگەیاندایە بە خۆشەویستی پێغەمبەر ئەم ئیمامە دەیگرتەبەر.

ئەوەتا کوڕی پیاوچاك عبداللەی کوڕی ئەحمەد باسی چمکێك لە خۆشەویستی باوکیمان بۆ پێغەمبەر بۆ دەگێڕێتەوە.

دەڵێت: باوکم بینی کە تاڵە مویەك لە قژەکانی پێغەمبەری دەگرت بەدەستیەوە و بەتاسەوە ماچی دەکردن.

هەروەها ئەگەر نەخۆش بکەوتایە و نزیکبوایە کە نەخۆشیەکەی زاڵ بێت بەسەریدا، ئەوا پەرداخێك ئاوی دەهێناو یەکێك لە مووە پیرۆزەکانی پێغەمبەری دەخستە ناویەوە و دواتر ئاوەکەی دەخواردە و بەفەرمانی خودا و لەبەر بەرەکەتی پێغەمبەر شیفای بۆ دەهات و چاکدەبویەوە.

تاسەیەکی پێغەمبەری لەلا بوو کە هەمیشە بەدەستەکانی خۆی دەیشۆرد و ئاوی تێدا دەخواردەوە[١٠٢].

---

[١٠١] الشفا لا ٥١١.

[١٠٢] سير اعلام النبلاء ب ١١ لا ٣١٧ – ٣١٨.

***

## ئیمامی مالیك و دووپشکەکە

بەوپەڕی ڕێزو حورمەتەوە، ئیمام و پێشەوای مەدینەی پیرۆز ئیمام مالیك دانیشت و حەدیس و فەرمودەکانی پێغەمبەری بۆ خەڵکی دەگێڕایەوە.

لەوکاتەدا کە ئەو سەرقاڵی خوێندنەوەو باسکردنی حەدیسەکان بوو، دووپشکێك هات و نزیکەی شازدەجار گەستی یاخود پێوەیدا، ئیمام مالیکیش لەناو ئازاردا ڕەنگی دەگۆڕا، بەڵام لەبەر ڕێزو حورمەتی بۆ حەزرەت حەدیسەکانی پێغەمبەری خودای نەدەوەستاندو بەردەوامبوو لە باسکردن و گێڕانەوەیان.

کاتێك ئیمام مالیك وانەکەی تەواو کرد و خەڵکی بڵاوەیان لێکرد، عبداللەی کوڕی موبارەك پێی گوت: ئەی باوکی عبدالله ئەمڕۆ هەندێك شتی سەیروسەمەرەم لەتۆ بینی.

مالیکیش گوتی: ئەوە دووپشك پێوەیدام، لەبەر ئەوە قسەم نەکرد و خۆم ڕاگرت لەبەر ڕێزو قەدری حەدیسەکانی پێغەمبەری خودا(ص) بۆ ئەوەی لەباسکردنیان نەوەستم[١٠٣].

## پارچە پەڕۆکە گەیشت

ئەبو جەعفەری کەتانی بەجۆرێك پێغەمبەری خۆشدەویست کە لەئاستی خۆشەویستی ماڵ و منداڵ تێپەڕی بوو، حەوتسەد جار پێغەمبەری لە خەویدا بینیوە.

---

[١٠٣] ترتیب المدارك ب ١ لا ١٤٦- ١٥٦ .

دەڵێن ساڵێکیان قاچی ئەبوجەعفەری کەتانی دەشکێت، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە نەتوانێت سەردانی گڵکۆی پیرۆزی پێغەمبەر بکات، بەڵام هەندێك لە هاوڕێیان بەرەو شاری مەدینە بەڕێکەوتن، پارچە پەڕۆیەکی دایە دەستی یەکێك لەو هاوڕێیانەی کە بەرەو مەدینە دەچوون، پێی گوت کە پەڕۆکە بخانە سەر گڵکۆی پێغەمبەر، بەڵام پیاوەکە لەڕێگەدا پەڕۆکەی ئەبو جەعفەری وونکرد، ئەوەبوو هەر ئەو شەوە ئەبوجەعفەر پێغەمبەری لەخەویدا بینی.

پێی فەرموو: ئەی ئەبوجەعفەر پارچە پەڕۆکەت گەیشت و لەلای ئێمەیش بیانوت هەیە کە نەهاتویت بۆ سەردانی گۆڕەکەم[١٠٤] ...

## خۆشەویستی ئیمام مالیك بۆ پێغەمبەر(ص)

ئەبوجەعفەری مەنصور، لەناو مزگەوتەکەی پێغەمبەری خودادا دەنگی بەرز کردەوە.

ئیمام مالیکیش کە خۆشەویستی پێغەمبەری بە گەورەترین شەرەف و ڕێز دەزانی پێی گوت: ئەی ئەمیری ئیمانداران لەناو ئەم مزگەوتەدا دەنگت بەرز مەکەرەوە، چوونکە خودای گەورە هۆزێکی پەروەردە کردووە و پێی فەرموون: (ئەی ئەو کەسانەی کە ئیمان و باوەڕتان هەیە دەنگتان بەسەر دەنگی پێغەمبەردا بەرز مەکەنەوە)[١٠٥].

---

[١٠٤] الحلية ب ١٠ لا ٣٤٣.

[١٠٥] سورەتی الحجرات ئایەتی ٢ .

هەروەها مەدح و سەنای هۆزێکیش کردووە و فەرمویەتی: (ئەوانەی کە دەنگیان لەئاستی پێغەمبەردا نزم دەکەنەوە، ئەوانە خودا دڵەکانی بۆ تەقوا تاقیکردونەتەوە ئەوانە لێخۆشبوون و پاداشتی گەورەیان بۆ هەیە)[١٠٦]

هەروەها لۆمەی هۆزێکیشی کردووە و فەرمویەتی: (ئەوانەی کە لەپشت و لەودیویماڵەکانەوە بانگت لێدەکەن زۆربەیان بێئەقڵن)[١٠٧]

ئەوەش بزانە ڕێزگرتنی پێغەمبەر بە مردویی هەروەك ڕێزگرتنیەتی بە زیندویی.

ئەبو جەعفەریش ملکەچ بوو بۆ قسەکەی مالیك و گوتی: ئەی ئیمام ئەگەر بمەوێت دووعاو نزا بکەم ڕوبکەمە قیبلە یان ڕوبکەمە گۆڕەکەی پێغەمبەری خودا؟

ئیمام مالیکیش گوتی: بۆچی ڕوو لە پێغەمبەر وەردەگێڕی لەکاتێکدا کە وەسیلەی خۆت و وەسیلەی ئادەمی باوکە گەورەتە بۆ پاڕانەوەو تکاکردن لەلای خودای گەورە لەڕۆژی قیامەتدا[١٠٨].

## بەرانەکە بەرگری لە پێغەمبەر(ص) دەکات

پیاوخراپی تاوانبار ئیبن قەمیئە هێرشیکردە سەر پێغەمبەر و زۆر بەتوندی لێیدا و خوێن بەدەموچاوی پێغەمبەری خوادا هاتە خوارەوە.

پێغەمبەریش لەوکاتەی کە خوێنی بەدەموچاویەوە دەسڕی فەرموی: خودا پارچە پارچەت بکات.

[١٠٦] سورەتی الحجرات ئایەتی ٣ .

[١٠٧] سورەتی الحجرات ئایەتی ٤ .

[١٠٨] الشفا لا ٥٢٠ .

کاتێك ئیبن قەمیئە گەڕایەوە بۆ ماڵەوە و چوو بۆلای مەڕو ماڵاتەکەی بەرانێکی نێری زۆر گەورە هێرشی کردە سەری، هێندەی شاخ لێدا جەستەی شل کرد و پارچە پارچەی کرد و کوشتی[109].

## سەگێکی ڕاوکەر بەرگری لە پێغەمبەر(ص) دەکات

هەندێك لە ئەمیرەکانی مەغۆلی بوبونە گاور، کۆمەڵێك لە پیاوە گەورەکانی گاورو مەغۆل کۆبونەوە، پیاوێکیان هەستایەوە دەستیکردە سوکایەتیکردن بە پێغەمبەری خوداو باسی کەموکورتی حەزرەتی دەکرد و پێدەکەنی، لەتەنیشتیەوە سەگێکی ڕاوکەر هەبوو بەسترابویەوە، کاتێك کەپیاوەکە زۆر قسەی کردو سوکایەتی زۆری بە پێغەمبەری خودا کرد، سەگەکە هێرشیکردە سەری و گازێکی توندی لەدەستی گرت.

هەندێك لە ئامادەبوان گوتیان: ئەوە لەبەر ئەوەبوو کە قسەی ناشیرینت بە محمد گوت.

پیاوەکەیش گوتی: نەخێر وانیە بەڵکو ئەم سەگە هارە و کاتێك بەدەستم ئاماژەم بۆکرد وایزانی لێی دەدەم بۆیە گازی لێگرتم.

ئەوەبوو سەگەکەیان گرت و خستیانە پشتی پیاوەکەوە، کابرایش دیسانەوە دەستیکردەوە بەسوکایەتیکردن بە پێغەمبەر(ص).

سەگەکەیش کە بەفەرمانی خودا دەجوڵایەوە، هێرشێکی زۆر دڕندانەی کردە سەر پیاوەکە و بەیەکجاری کوشتی[110].

***

[109] مجمع الزوائد ب ٦ ل ١١٧ .

[110] الدرر الکامنة ب ٤ ل ١٥٣.




لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما

نرخ ( ٣٠٠٠) دینار